ئامانجمان لە دەرکردنی ئەم بڵاوکراوەیە نوسینەوەی ڕوی ڕاستی ڕوداو و یادنامەکانە، بە مەبەستی سود گەیاندن بە مێژوی دێرینەی گەل و نیشتمانەکەمان، بەڵام بێجگە لە سەروتار، هەر بابەت و نوسین و هەواڵێك، کە بڵاو ئەکرێتەوە، سەرپەرشتیاری ئەم بڵاوکراوەیە لێ بەرپرسیار نییە.

ژمارەی ٣٥ی نیسان ٢٠٢٢ بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنییە، مانگی جارێ دەرئەچێ No.35,April 2022

## شەهیدانی ئەنفال و بۆری نەوت

یادنامە

وڵاتانی نەوتی زۆرێک ئەو دیدە دەیانگرێتەوە ( نەفرەتی نەوت ، مایکڵ ڕوس ) کە ناوهێنراون بە نەفرەتی نەوت ، بەڵام ئایا نەفرەتی نەوت هەمو وڵاتانی نەوتی دەگرێتەوە ، دەتوانین بڵێین نەخێر ، ئەی با ئاراستەی پرسیارەکەمان بگۆڕین بۆ هەرێم ئایا هەمان پیودانگ بە دیوە نەفرەتیەکەیدا هەرێم دەگرێتەوە..؟؟؟

بەرهەمهێنان لە ڕوی ئابوری و سۆسیۆلۆژیەوە دوو ئاست لە خۆ دەگرێ ، بەرهەمهێنانی (ماددی و مەعنەوی) کە ماددی دەبێتە ژێرخانێکی بەهێز و مەعنەویش دەبێتە سەرچاوەی مرۆیی زانستی بەهێز ، لایەنی ماددی کە ئابوری بەهێز دەکات ، بریتیە لە فرەسەرچاوەی ئابوری و داهات نەک تاکە سەرچاوە ، لایەنی دوەم کۆمەڵایەتی ،دەبێت دامەزراوەی هەبێت و یاسا سەروەربێت و تاک هەست بە ئەرک و مافی خۆی بکات و لانی کەم عەدالەتی کۆمەڵایەتی دەستەبەر بکرێت ، ئەو کات وەک سکە و شەمەندەفەرەکە دەتوانین جوڵە بکەین و بەردەوام بین لە ژیان ، بەڵام بچوکترین پایە جێ بەجێ نەکرێ ئەوا جوڵە لە کایەکانی تردا دەوەستێت ، لێرەوە لە هەرێم دەتوانرا نەوت بۆ لایەنی ماددی بەکار بهێنرایە و ئەنفالیش بۆ ئاشتەوایی و سمبولی یەکێتی ناوەکی و سەرچاوەی مرۆیی بەهێز ببینرایە ، بەڵام چونکە ئەم دەستەڵاتە ئەمانە نازانێ دەبینین کۆی پیودانگە ماددی و مەعنەوییەکان چۆن تێک چون و چۆن شپرزەی ئابوری کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوە







یادی ٣٤ ساڵەی کیمیابارانی شاناخسێ ... ل٢
چی بەشە جیاوازەکانی عێراق بەیەکەوە گرێئەدات ... ل٣
یادی شەهید میکایلی سمایلی ئەحەسوری ... ل٤
یادی تۆمارکردنی داستانێک ... ل٥
مێژووی قەیسەری نەقیب ... ل٦
بەسەرکردنەوەی شەهیدان ... ل٧
سەروەری مەلاشاخی ... ل٨
بەسەرکردنەوەی شەهیدان ... ل١٠
بەسەرکردنەوەی هونەرمەندان ... ل١١
ڕیشەی ئەنفال لە عیراق ... ل١٣
شەهید کارزان و هاوڕێکانی ... ل١٤
چوارتاو شوێنەوارەکانی ... ل١٧
حەسەن خەیری ... ل١٩
جارێکی تر چنگو پەنجەکانی تورکیا لەسەر جەستەی هەرێمی کوردستانە ... ل٢١
میساقی میللی لە نێوان خەیاڵ و واقیعدا ... ل٢٢
دەردی نۆکەریی ... ل٢٣

## (یادی ٣٤ ساڵەی کیمیابارانی شاناخسێ)

# هەزاران سڵاوله گیانی شەهیدانی ڕێگەی رزگاری کوردوکوردستان


لە رۆژی ٢١ / ٢ / ١٩٨٨ رژێمی بەعس بە هێزێکی زۆرو بە پاڵپشتی دەیان تانکو و ناقیلە و تۆپی دوورهاوێژو چەندین فرۆکە هێرشێکی فراوانیان کردە سەر دۆڵی جافایەتی کە بارەگای سەرکردایەتی ی.ن.ک و مەڵبەندی ٢ ی لێبووە، لە شەرێکی قورسی نابەرامبەردا کە جۆرەها چەکی تێدا بەکار هێنا بە چەکی قەدەغە کراوی کیمیایشەوە هێزی پێشمەرگە ڕووبەروی دوژمنی بەعس بوونەوە کە زیانێکی زۆر بە دوژمن کەوت، هەتا رۆژی ١٨ / ٣ / ١٩٨٨ بەپێی پلانێکی نەخشە بۆ دارێژراو بۆ پاراستنی گیانی هێزی پێشمەرگەو خەڵکی گوندەکانی دۆڵی جافایەتی بریاری پاشەکشێ درا. هێزەکانی پێشمەرگە لەگەڵ خەڵکی گوندەکانی دۆڵی جافایەتی کە سنوورەکە کشاینەوە لە ڕۆژی ٢٣ / ٣ / ١٩٨٨ گەیشتینە گوندی شاناخسێ و لەهەمان ڕۆژدا پێشنیوەرۆکەی چەند فرۆکەیەکی رژێمێ بەعس هاتنە ئاسمانی شاناخسێ و چەند باڵۆنێکیان فرێدایە خوارەوە بۆ زانینی ئاراستەی کەشوهەوای ناوچەکە. پاشان لە دوای نیوەرۆ جارێکیتر چەند فرۆکەیەکی تر هاتنەوە ئاسمانی شاناخسێ و کیمیابارانی گوندی شاناخسێیان کرد کە هێزێکی زۆری پێشمەرگە و خەڵکی گوندەکانی لێ بوو. بەشێک لە هێزی پێشمەرگە لە مەڵبەندەکانی ١ و ٢ و ٣ پێکهاتبوون. لەگەڵ تیپی پارێزگاریی و دەزگای راگەیاندن و تیپی ٣٧ ی شارباژێر و مەفرەزەکانی مەکتەبی سیاسیی، لە ئەنجامی ئەو کیمیابارانەدا ١٥ پێشمەرگەی قارەمان شەهید بوون. زیاتر لە سەد پێشمەرگە بریندار بوون.کە ناوەکانیان بریتی بوون لە شەهیدان: (ئاسۆی شێخ عارف کورەداوێی، فەرماندەی کەرت لە تیپی ٣٧ ی شارباژێر مەلیحەخانی خێزانیشی بریندار بوو، شەهیدی فەرماندە حەمە ئەمین خەجێ، خەڵکی شارۆچکەی پێنجوێن، شەهید مامۆستا رەئووف، شەهید دوکتۆر هادی، شەهید شێخ کەریمی شەدەڵە، شەهید شوان، شەهید کەمال پێنجوێنی، شەهید عوسمان وڵاخلویی. شەهید هەژار، شەهید برایمە بچکۆل. شەهید شێخ عەزیزی شەدەڵە، شەهید ئامانج عەبدوڵڵا، برای پێشمەرگەی دێرین ئاراس کۆچەر، کە گۆری شەهیدی براکەی لە گۆرستانی فاتمە زەهرایە لە شاری تاران. شەهید فەرهاد، شەهید برایم، شەهید نەوزاد ئەحمەد * . شەهید فەریدون پێشمەرگەی تیپی ٥١ ی گەرمیان کە لە گۆرستانی سلێمانبەگی بانە بە خاک سپێردراوە.

لە کانی دڵەوە هەزاران چەپکە گوڵی وەفاو ئەمەک پێشکەش بە گۆڕی بەرز و بڵندیان بێت. یادیان هەمیشە لە نێو دڵی نیشتمانپەروەراندا زیندووە

———

* وێنەی لای چەپ، دلاوەر، هێرش، شەهید نەوزاد ئەحمەد، کە لە ساڵی ٢٠١٥ بە کاریگەریی کیمیبارانی شاناخسێ، لە شاری سلێمانی شەهید بوو. وێنەکان لە بیمارستانی شەهید بەهەشتی لە شاری بابول لە مازندەرانی شیمالی ئێران گیراوە.

لە فەیسبوک وەرگیراوە












# چی بەشە جیاوازەکانی عێراق بەیەکەوە گرێئەدات؟

**مەریوان وریا قانع**

«ئەوەی لەمڕۆدا خاڵی هاوبەشی نێوان لایەنە جیاوازەکانی دەسەڵاتە لە عێراقدا و ئەوەی لانیکەمی وێکچوون بەو دەسەڵاتە جیاوازانە دەبەخشێت،کە هەر یەکێکیان لە پارچە و بەش و شار و شارۆچکەیەکی ئەو وڵاتەدا حوکمڕانە، گەندەڵییە.

عێراق وڵاتێکە لە هەموو ئاستەکاندا پارچە پارچە و دابەشبوو و لێکترازاوە، تەنها لە ئاستی گەندەڵیدا نەبێت. گەندەڵیی ئەو خاڵە هاوبەشەیە کە خوارەوە و سەرەوە، ڕۆژهەڵات و ڕۆژ ئاوا، کورد و عەرەب، سونە و شیعەی ئەو وڵاتە بە یەکەوە دەبەستێتەوە. بە مانایەکی دیکە، گەندەڵیی ئەو ئاکارە " نەتەوەییە " هاوبەشەیە کە گرووپە سیاسییە جیاوازەکانی ئەو وڵاتە بە یەکەوە گرێدەدات، نوخبە ئەتنیی و دینیی تایفییەکان بە یەکەوە کۆدەکاتەوە و وایانلێدەکات، لانیکەم، لەم خاڵەدا جیاوازییەکی ئەوتۆیان لە نێواندا نەبێت. ئەگەر باڵە جیاوازەکانی نوخبەی سیاسی باڵادەست لە عێراقی ئەمڕۆدا لە هەموو شتێکدا دوژمنی یەکدیبن، ئەوا لە گەندەڵیدا بران، گەندەڵیی ئەو سەرزەمینە پیرۆزەیە کە هەموویان لە سەر یەکخوان و پێکەوە کۆدەکاتەوە.»

**لە یاداوەریی فەیسبوکەوە:**
**کتێبی "سیاسەت و دونیا"**
**لاپەڕە، 322**
**ساڵی چاپ بوون: ٢٠١٢**





# ڕەفیق بارق ئازاتر بوو یان کاک حوسین ئەم بەراوردە بۆت دەردەخات:

وەرە لەم گۆشەیەوە ئازاو ترسنۆک ببینە
لەم پەنجەرەیەوە لەبەعس و ئەنفال بڕوانە
بارق عەبدوڵا حونتە. لە کاتی ئەنفال عەمید ڕکن قوات خاصة بوو، شێخ حسێنی هەزارکانیش جوتیارێکی گەرمیان و پیاوێکی ناسراوو بەهەیبەت بوو، بەداخەوە ئەنفالکرا.
بارق لەبەرانبەر دڕندایەتی و دڵڕەقیدا سەدام (نوط الشجاعة-مەدالیای ئازایەتی) بەبەرۆکیدا کرد، بەڵام کاتێک کاری پێی نەما، لەناو کۆشک نەجمەکانی سەرشانی و جلەسەربازییەکانی پێداکەندو بەرووت وقوتی کوشتی. پێیگوت : بارق تۆ دەزانی پاڵەوانی قادسیە واتای چی ؟ بارق بێ وەڵام بوو، دیسان پێی گوت: دەزانی پاڵەوانی یوم المعارک واتای چی ؟ دیسان بێ وەڵام بوو، سەدام بەسەریدا شیڕاندی بۆ وەڵام نادەیتەوە ترسنۆک ؟ تۆ نابێت بەجلی شەرەفەوە بمری ..پاڵەوانەکەی سەدام جەلادی کوردەکان و کوێتیەکان جورئەتی ڕاچەنینی نەبوو !
فەریق عەلی غیدان دەڵێت : ١٠ قائید فرقە بووین سەدام بانگی کردین تفی لێکردین پێی گوتین ئێوە ترسنۆکن گو بە سمێڵتان ! تاقەکەسێک جورئەتی نەبوو بڵێت نەخێر قوربان وانییە ئێمە پاڵەوانی قادسییەین !
بەڵام شێخ حسێنی هەزارکانی کە لەئەنفالدا خۆی و هەردو ژنەکەی ومنداڵەکانی گیرابوون، هێشتا لەقەڵای قۆرەتوو بوون کە سەدام بەواسیتەی عزت دوری بڕیاری ئازادکردنی خۆی و ژن ومنداڵەکانی دابوون، بەڵام ئەو وتی (نا) ! بڕیاری سەدامی ڕەتکردەوەو وتی بەتەنیاو بەبێ ئەم خەڵکە لێرە ناڕۆمە دەرەوە.
قائید فیرقە پێی گوت : شێخ ئەوە ئەمری سەرۆکە خوابیپارێزێ ناتوانم جێبەجێی نەکەم چۆن ناڕۆیتە دەرەوە ؟
شێخ حوسێن : سەدام ئەمری بەتۆ کردووە من و ژن ومنداڵەکانم ئازادبکەی، منیش ئەمر بەخۆم دەکەم ژن ومنداڵەکانم و خۆم لەوخەڵکە زیاتر نین .
فەرموون پاڵەوانەکانی بەعس وعروبە ببینن و پاڵەوانەکەی گەرمیانیش هەربەراست ئەگەر ویژدانی مرۆڤایەتی نەمردبێ کامیان قارامانن و کامیان ترسنۆک ؟ ئێستا ڕونە کێن ئەوانەی مەدالیای ئازایەتیان بەبەرۆکدا کراوەو کێن ئەوانەی مردون ؟

لەیادی ئەنفال هەقە هەڵمەتێک بۆ ڕیسواکردنی ئەوانەش بخرێتەگەر کە ڕەحمەت بۆ سەدام و ئەم جەلادانە دەنێرن و ئەم قارامانانە لەیاد دەکەن.

**نوسینی: هۆمەر محەمەد**
**(هۆمەری ئەنفالستان)**





# یادی شەهید میکایلی سمایلی ئەحەسوری..ناسراو بە (میکایل شیواشۆکی)

میکایل شیواشۆکی،  لاوێکی کەڵەگەتی گەنم ڕەنگ بوو،  گەنجێکی مەند و کەمدوو، بەڵام  تا بڵێی دڵپاک و  دڵساف و دڵسۆز بو بۆ هاوڕێکانی

سەرەڕای کەسایەتیە سادەکەی، مەردی کوڕی مەیدان و تەنگانە بوو، چونکە باکی بەترس نەبوو، هەمیشە کوڕی دۆخە سەختەکان بوو .

لە پێشمەرگەیەکی سادەوە تا بووە فەرماندەی کەرت، هەموو پلەکانی

بەتوانا و لێهاتووی خۆی بڕی بوو، ئەگەر مەرگ پێشی نەگرتبا میکایل ئێستا یەکێک بوو لە فەرماندە پلە بەرزەکان. ئازایی جەربەزەیی لە شەڕ تاقی کراو بوو، جێی متمانەو پشت پێ بەستن بوو، چونکە لە مەیدانی شەڕ  ئەو یەکێک بوو لەو قارەمانانەی شەڕەکانی یەکلا دەکردەوە بە ئاسانی.

جارێکیان بە تەنیا تووشی دوو جەیشی شەعبی دەبێت، چەکیان دەکات، هەرچەندە کاتی دان و سان بوو، لەبەر ئەوەی سوکایەتی پێ قبوڵ نەکرابوو، ئەو کارەی ئەنجام دابوو. دوای چەند مانگێک ئینجا زانیان ئەو کارە ئەو کردیەتی.

دڵشاد تاقانەی هاوڕێی دەڵێ

میکائیل کەسێکی سەر ڕاست و دڵدارەکی دڵبەخش و داوێنپاک بوو، حەزی لە جوانی و کەشخەیی بوو، زۆر گرنگی بە خۆی دەدا جارێکیان لەدۆڵەڕەقە لەپشوو بووین، تەماشای لەتە ئاوێنەیەکەی دەکرد و لێی پرسیم:  ئەرێ تاقانە جوانم؟  ئای کە دڵخۆش دەبوو و پێ دەکەنی کاتێ دەمگوت ئەرێوەڵلا دەزانی چەند کەشخەی؟

دڵشاد تاقانەی هاوڕێی دەڵێ  لەگەڵ میکائیل کوڕی یەک گەڕەک بووین، زۆر دڵنەرم و بەبەزەیی و بەوەفا بوو لەگەڵ برادەر و پێشمەرگەکانی،  هەمیشە لەسەر مافیان بەدەنگ دەهات و پەناو پشتیان بوو. لە هاوڕێ یایەتی زۆر سەر ڕاست بوو.

شەهید میکایل، هاوسەنگەرو هاوشەڕی هاوڕێکانی بووە لە زۆربەی چالاکیەکانی  تیپی ٩٣ی کۆیە  بەشداربووە و هەمیشە ڕۆڵی گرینگی هەبووە لەچەندین چالاکی گەورەدا بەشداری کردوە لەوانە لە گرتنی سەری ڕەشدا، هەمیشە دەست وەشێن و سەرکێشی یەکەم ئەو بوو! ئەو هەمیشە پێچەوانەی ئەو پەندە بوو کە دەڵێ (دوور بڕۆ سەلامەت وەرەوە) لەگەڵ شەهید ئەمیری عەبدەخڕەی بەنوێژی نیوەڕۆ لەجادەی دەپەڕینەوە باکیان بەترس نەبوو.

لە کۆتاییدا دەڵێین  شەهید میکائیل لە خانەوادەیەکی هەژار بوو، ئەو چینەش هەمیشە سوتەمەنی شۆڕش و توێژی خێر لە خۆ نەدیوی کۆمەڵگان، ئەویش لەو توێژەوە هاتبووە کایەی ئەو خەباتە و وەک ئەرکەکی نیشتمانی ئەوەی لە دەستی هات، گیانی پاکی بوو، بۆ کوردستان !

بەداخەوە لە ڕۆژی ٧-٣-١٩٩٨ لە شەڕی بەرگریدا لە نزیک گەڕەدێ ی دۆڵی جافایەتی شەهید بوو لە گەڵ پێشمەرگەی ئازاو گەنج هەژار جەلال شێرە سڵاو لە تێکۆشان و خەباتتان، بەڕاستی راستگۆ بوون لەگەڵ پەیامەکەتان.


**سەرکەوتی جیهاز**

**سەرچاوە لە کاک کامەرانی برای شەهید میکایلم وەرگرتوە**




گرنگ و گرنگتر
سەر بە خۆیی گرنگ نییە
هەر هەشت پیتی ناوی وڵات ،بە عانەیەک
قە ڵای هێسکی ئە نفالە کان
بە مەرحە بای بێگانە یەک
...گرنگ نییە!
خودا دەیکرد(قودس) دە بوو بە ئۆرشە لیم
(دڵ)یش دە چووە ناو پە راسوی یە کانیە ک
گرنگ نییە با بەعس و جاش
بورووکێنە ناو دە رپێشمان
وە کوو شارە مۆرانە یە ک
گرنگ نییە ! دە با وڵات سە روو خواری
ببێتە کە لە خانە یە ک
بە ڵام گرنگ
کورسییە کی سارد و سڕی
وە ک تابووتی بن مردووە
گرنگتریش
ئە و دۆلارە چاو سە وزانە ن
کە بۆ غوربە ت سە ری خۆیان هە ڵگرتووە!

**عەبدولا پەشێو**



# یادی تۆمارکردنی داستانێک..

چیرۆکی دەستگیرکردن و شەهید بوونی شێخ جەمیل و هاوڕێکانی لە داستانی رزگاری..

بەدەستی خۆیان گۆڕیان هەڵکەند..حەوت هیلیکۆپتەر هێرشی کرد

لە رۆژی(13/ 4/ 1987) لەگوندی ئاڵەسیاو. شەهید"شێخ جەمیل ئەحمەد" و(١٠) پێشمەرگەی دیکەی هاوڕێی کە سەرقاڵی کۆکردنەوەی زانیاری بوون لەو سنورەدا، لەلایەن رژێمەوە ئاشکرادەبن و لە ئەنجامدا حەوت هێلیکۆپتەر بەشێوەیەکی زۆر درندانە بۆردومانی ئەو یانزە پێشمەرگە قارەمانە ئەکەن و هەرچی دارودرەخت هەبوو هەمووی وێران ئەکەن و پاشان کۆپتەرەکان ئەچنە سەریان و ئابڵۆقەیان ئەدەن.

پێشمەرگەکان کە چەکی کاریگەریان پێ نابێت لە سەعات(١١)ی بەیانییەوە تا(٣)ی دوانیوەڕۆ تا دوا فیشەك شەڕ ئەکەن. بەداخەوە شەهید جەمیل لەم شەڕەدا دەستێکی دەپەڕێت و سەرجەم پێشمەرگەکانیش بریندار ئەبن.
شێخ جەمیل بۆی دەرئەکەوێت کە هیچ هیوایەکیان نییە بۆ دەربازبوون، بۆیە خێرا سەرجەم هەموو ئەو نهێنی و بەڵگەنامانەی کە پێی بووە ئەیسوتێنێت بۆ ئەوەی دەست رژێم نەکەون.

دوای ئەوەی دەستگیردەکرێن، ئەگوازرێنەوە بۆ فەوجی سەربازی رژێم لە سیتەك و لەوێ دوای ئەوەی ئازارو ئەشکەنجەیەکی زۆر ئەدرێن، بەڵام شەهید جەمیل هیچ نادرکێنێت. پاشان دەیانبەن بەدەستی خۆیان دوو چاڵیان پێ هەڵدەکەنن و بەزیندوێتی دەیانخەنە ناو چاڵەکانەوە، هەر لەوێدا گولەبارانیان ئەکەن و هەموویان شەهید ئەبن.

بەمشێوەیە ئەم پۆلە پێشمەرگە قارەمانانە شەهید ئەکرێن و بۆ ماوەی(٦) ساڵ لەو دوو چاڵەدا روفاتەکانیان بەشێوەی گۆڕی بەکۆمەڵ ئەمێننەوە، لە بەهاری ساڵی (١٩٩٤) لاشەی پیرۆزیان لە گوندی سیتەك دۆزرایەوە، چاڵێکیان ئەم شەهیدانەی تێدابوو:

١- شێخ جەمیل ئەحمەد.
٢- ئاراس محەمەد ئەحمەد، لە دایکبووی ساڵی(١٩٦٠) خوشکەزای شەهید جەمیل.
٣- رزگار عوسمان موراد(١٩٧٢).
٤- خەسرەو رەئوف رەحیم(١٩٧١).
٥- مستەفا قادر مستەفا.
٦ - نوری مەحمود قادر(١٩٧٠).

چاڵی دووەمیش ئەم شەهیدانەی تێدابوو:
٧- هوشیار سەعدون سەعید، لەدایکبووی ساڵی(١٩٦٨) سەعاتەکەی دەستی لە ئیش نەکەوتبوو.
٨- شێرکۆ محەمەد عەبدوڵڵا(١٩٦٩).
٩- ستار ئەحمەد قادر(١٩٧١).
١٠- بێستون ئیبراهیم سەعید(١٩٦١) ئەندازیار بوو.
١١- محەمەد ئەحمەد مارف(١٩٦٩).
هەروەها دوو شەهیدی قارەمانی دیکەش بەناوەکانی هەریەك لە:
١- وەستا عەتا.
٢- سەرداری حەمەی سەلیم.



مەفرەزەیەکی پێشمەرگە کە شەهید شێخ جەمیل لەڕاستەوە سێیەم کەسە کە بەپێوە وەستاوە..

دوو شەهیدی بەجێماوی داستانی رزگاری بوون کە تەنانەت دوای شەهیدبوونیشیان باوەشیان بەو ناوچانەدا کرد کە لەدەست دوژمن رزگاریان کردن. لەدوای راپەرینە مەزنەکەی(١٩٩١) تەرمەکانیان هێنرایەوە سەیوان و بەخاك سپێردران.
هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی کاکە شێخ جە میل و هاوڕێکانی و تێکڕای شەهیدانی داستانی رزگاری.
رەوەند گەرمیانی

سیروان غریبیش دەنووسێ:

سڵاو لە گیانی پاکیان و رۆحیان ئارام..
بۆ مێژوو.. شەهید جەمیلی خلۆزای باوکم دەستی بەتەواوی لێنەبوبووەوە کە گیرابووە، بەشێکی کەمی پێوە مابوو. دوای بەدواچونی کەسو کار ئەو ئەفسەرەی کە تەحقیقی لێکردبوو ووتبوی:

زۆر سەرسام بووم بە ئازایی و خۆڕاگری ئەو پێشمەرگەیەی کە دەستی قرتابوو وە شۆڕببووەوە. کاتێک پێم ووت گەر زانیاریمان بدەیتێ، دڵنیابە دەستت بۆ چاک دەکەینەوەو نا یەڵم هیچت لێبێت.، بەڵام ئەو بە دەستەکەی تری دەستە قرتاوە شۆڕبووەکەی ڕاکێشاو لێی کردەوە و فرێی دایە بەردەمم..!!
وە ئامادە نەبوو هیچ زانیاریمان بداتێ.
ئەمە برینێکە لە برینەکانی جەستەی ئەم میللەتەی کە ئێستا دەسەڵات بە سەرکوت و کوشتن ی خۆپیشاندەران و رۆژنامەنوسان و زیندانی کردنی دەنگی ئازاد و برینی قوتی خوڵکی و دزینی داهاتی وولات و پەخشکردنی فەساد وەڵامی میللەت دەداتەوە..
وە ئەوەی بیرچۆتەوە لایان شەهیدان و کەسو کاریانە...!!؟

**لە ڕوداوە مێژووییەکان وەرگیراوە**

# مێژووی قەیسەری نەقیب

یەکێکە لە هەرە بازاڕە بەناوبانگەکانی کڕین. و فرۆشتن کاڵاو و پێداویستی لەسەردەمی دێرینی سلێمانی
مەڵبەندێکی بازرگانیی هەرە کۆن ودیارەکانی ناو شاری سلێمانی قەیسەری (شێخ مستەفای نەقیبە ).
ساڵی 1900 زاین ، شێخ مستەفای نەقیب کە دەکاتە مامی شێخ مەحمودی حەفید دروستی کردووە.
زۆربەی وەستا و کرێکارەکان کە لە دروستکردنی ئەم قەیسەرییەدا ئیشیان کردووە لە سنە و کرماشانەوە هاتن و شارەزایی زۆریان هەبووە لە هونەری بیناسازیدا.


نەخشەی قەیسەرییەکەش هەر هەمان نەخشەیە کە لە قەیسەری و بازاڕەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بەکارهاتوون.
کاسبکارەکانی ئەم قەیسەرییە جۆرا وجۆر بوون وەک خەیاتی و دەلاکی و وشکەفرۆش. بەڵام لەدوای ساڵی چلەکانەوە شێوەیەکی تری بەخۆوە گرت و زیاتر بوو بە بازاڕی عەتارەکان.

سەرچاوەی کەل و پەلەکانیش لە بەغدا و سوریا و ئێرانەوە دابینکراون و بازرگانەکانی ئەو سەردەمە خۆیان سەفەری ئەو وڵاتەیان کردووە و تازەترین کاڵایان بۆ دوکاندارەکانی ئەو قەیسەرییە هێناوە.

لافاوە بەناوبانگەکەی شاری سلێمانی لە ساڵی 1957 دا زیانێکی گەورەی بەم قەیسەرییە گەیاندووە. ئەو سەردەمە لاوان و مامۆستایان و پیاوە ناودارەکانی کورد کۆمەکی ماددیان پێشکەش بە زیانلێکەوتووان کردووە
ڕەفیق حلمی و عبداللە لوتفی لەشاری بەغداد کەمپین بۆ ئەو زیانە دەکەن داوا لەسەرمایەدارە عەرەبەکان دەکەن کۆمەکی کاسپکاران و لێقەومانی لافاوەکە بکەن ، کەبڕێ لە پارەیەکی هێجگار زۆر کۆدەکەنەوە لەبینای ڕێست هاوس لەسەرای سلێمانی لەساڵی ١٩٥٨ پارەکە دابەش دەکەن هەردوکاندارێك بڕی (200) دیناری بەردەکەوێت کەبەپێی بەدواداچوونەکانی من نرخی خانوویەکی ١٥٠ مەتر لەگەڕەکی سابونکەران کە باشترین گەڕەکی شار بووە بە (165) دینار فرۆشراوە لەساڵی 1958
ئەم کۆمەك و هاوکاریە لە گۆڤاری ژین تۆمار کراوە بەوردی کە ئەحمەد زرنگ خوشکەزای پیرەمێرد دوای مردنی پیرەمێرد ڕۆژنامەی ژینی بەڕێوە بردووە
مانێشتی ئەورۆژەی ڕۆژنامەی ژین بەم جۆرە بووە
ئەهالی و کاسپکارانی شاری سلێمانی لەدەربەندی بازیان ئیستقیبالی ڕەفیق حلمی وەفدەکەی کرد کەتەشریفیان هێنا بۆ سلێمانی

. ساڵی 1988یش لە ڕووداوێکی تردا قەیسەرییەکە سوتا و خەڵکەکەی تووشی زیانێکی قورس بوون.
دەیان پیاوی ناسراو و کاسبکار و بازرگان لە موسوڵمان و گاور و جولەکە لەم قەیسەرییەدا کاسبییان کردووە.
تۆفیق قەزاز و حاجی شێخ عەلی و حاجی مەلا سەعیدی مامە خەلانی و حاجی عەزیزی شەرعی و شەلەمۆ عەزیز حەکیم و موشێی عەتار و سیمانە و سەلیم بەگی کوتاڵفرۆش هەندێک لە کاسبکارە ناسراوەکانی سەرەتاکانی سەدەی رابردووی ناو قەیسەری نەقیب بوون
نوسینەوەی ئەم مێژووە بەزانیاری زیاترەوە: ئامانج مەسرەف
سەرچاوەی زانیاری ; ویکیپیدیای کورد کەئەم باسەی بەئەلکترۆنی تۆمار کراوە کەئەویش سەرچاوەکەی کتێبەکەی ئەکرەمی ساڵحی ڕەشەیە، کەزۆر ئەکاونت و پەیج ئەم باسەی بڵاو کردۆتەوە بە نیوە ناچڵی ئاماژەی بەسەرچاوەکە نەداوە

**ئامانج مامۆستا عومەر**




## قەومی کورد

قەومی کورد ئیسپاتی کرد بۆ عالەمی سەر ڕووی زەمین
میلەتێکی قارەمانن هەر ئەبێ سەربەست بژین
***
میلەتێ لاوی لە ڕێگەی سەربەخۆیی کوردستان
بێتە بەر سێدارەو بێترس کە دەم بە خەندە و پێکەنین
***
قەومی وا نامرێ ئەژی، بادوژمنی هەر شەق بەرێ
خاوەنی ڕۆڵەی نەبەردە و خاوەنی عەزمی مەتین
***
ئەوکەسەی گیانی لەڕێگەی نیشتیمانا بەخت ئەکا
پێی مەڵێن مردوو شەهیدە ، وا لەفردەوسی بەرین
***
وەتەن دیسان بە مەحزونی ئەڵێ ئەی لاوەکان
بۆچی وا مات و مەلولن بەسییەتی شین و گرین
***
ڕۆژی تێکۆشانە سادەی تاوەک و زووە هیمەتێ
بەڵکو لەم حاڵە، نەجاتتمان بێ و لەدیلی دەربچین
***
گەرچی هەندێ کەس خەریکن ورگ و گیرفان پڕ ئەکەن
شەو بەبێ خەم سەر ئەنێنە سەر سەرین هەر سەرسەرین
***
پیاو ئەبێ دائیم خەمی قەوم و وڵاتی خۆی هەبێ
ئەوکەسانەی بێ خەمن حاشا نەوەی ئەم خاکە نین

**قانع**



# بەسەرکردنەوەی شەهیدان
## مامۆستا برایم ئەحمەد
## چۆن گەیشتەوە کوردستان؟
## مەلاشاخی

دواى روخانی حوکمی پاشایەتی لە عیراق و دامەزرانی کۆماری عیراقی نوێ، کوردیش ئەو ئومێدەی لادروست بوو، لە سایەی دەسەڵاتی حکومەتێکی دیموکراسیدا بە هەموو مافێکی یەکسان لەگەڵ عەربی عیراق دەتوانن پێکەوە وڵاتێکی ئازاد و پێشکەوتوو بنیات بنێن، سەرەتا سەرۆکی ئەوسای عیراق (عەبدوالکەریم قاسم) بەڵینی ئەوەی پێ دابوون، چۆن لە مادەی(3) دەستوورەکەدا هاتبوو :

کە (عەرەب وکورد هاوبەشن لەعیراقدا.) مافەکانی کورد دەسەلمێنێ. بەڵام دواتر لەوەیش پاشگەزبووەوە و ئیتر رۆژ لە دوای رۆژ گۆڕەپانی کارکردن بەرتەسك بۆوە، بۆیە سەرکردایەتی ئەوسای (پارتی)یش بیریان لەوە کردەوە خۆیان بۆ هەر شێوازێکی تری خەبات ئامادەبکەن. ئیتر هەڤاڵان (مام جەلال) و (مامۆستا برایم ئەحمەد) بیر لە دابینکردنی چەند شوێنێك دەکەنەوە بۆ راپەڕاندنی ئەرکی داهاتووی قۆناغەکە. بۆ ئەو مەبەستە پەیوەندی بە ئەندامانی چالاك و ئەفسەرانی کورد و کەسایەتییە باوەڕپێکراوەکانەوە دەکەن. یەکێك لەو هەڤاڵانە (ئەحمەد عەلی دزەیی) دەبێت. ناوبراو دەرچووی لە(کۆلیژی ماف) میری دەیکەن بە(ئەفسەری یەدەك)

لە سەربازگەی (الرشید) لەسەر رێنمایی مام جەلال بۆ پشوودان و راپەڕاندنی ئەرکەکانی خەباتی کوردایەتی. لە تەلاری (عبدالعزیزشبر) لە بەغدا شوقەیەك بەکرێ دەگرێ. لە بەهاری 1961 دا ئێوارانێك هەڤاڵ (مام جەلال) و (دکتۆر مراد)
خۆیان دەکەن بە ژوورەکەیدا. دوای پشوودانێکی کورت و بەدەم خواردنەوەی قاوەیەکەوە هەڤاڵ مام جەلال پێی دەڵێ:

تۆ لە خانەوادەیەکی ناسراوی هەولێریت و جێگای متمانەی ئێمەیت. هاتووین بۆ ماڵەکەت. داواکارییەکمان هەیە،
دەبێت هاوکاریمان بکەیت. ئەویش بەرلەوەی بزانێ داواکاییەکە چییە. یەکسەر ئامادەیی خۆی دەردەبڕێ. ئیتر هەڤاڵ مام جەلال
دەچێتەسەر کرۆکی بابەتەکەو پێی دەڵێ: لەبەر ئەوەی تۆ شوفێرێکی زۆر باشیت و توانای لێخوڕینی ئۆتۆمبێلت لە (دکتۆر مراد) باشترە. داوات لێ دەکەم هاوڕێیەتی بکەیت و پێکەوە ئەرکێکی پیرۆز رابپەڕێنن. دوای داڕشتنی چۆنبەتی جێبەجێ کردنی کارەکەیان هەڤاڵ مام جەلال بەتەنیا لە ژوورەکەدا دەمێنێتەوە و ئەوانیش بە ماشێنە (فۆگس فارگۆن)ەکەی (دکتۆر مراد) بەرەو شوێنی دیاری کراو بەڕێ دەکەون.
پێش گەیشتن بەشوێنی مەبەست هەڤاڵ ( دکتۆر مراد) پێی دەڵێ:
ئەرکی ئێمە دەربازکردنی (مامۆستا برایم ئەحمەد)ە
بۆ دەرەوەی شاری بەغدا. ئێستا بەڕێزیان لە ماڵی هەڤاڵ (شەوکەت عەقراوی)یە. ماڵی شەوکەت عەقراوی
لە نزیك (کۆشکی سپی) دەبێت. هەر بۆیە زۆر بە وریاییەوە روو لەو شوێنە دەکەن. سەرەتا چەند جارێك بەدەوری ماڵەکەدا دێن و دەچن. دوای ئەوەی دڵنیا دەبنەوە، هیچ نەیارێك چاودێرییان ناکات، لە شوێنی دیاریکراو رادەوەستن. پاش کەمێك سەیارە (مارسیدیس)ەکەی عەقراوی لە ماڵەوە دەردەچێت. ئەوانیش دوور و نزیك بەدوای دەکەون. تا لە شوێنی دیاریکراو و لە پێچەیەکی تاریکدا مامۆستا برایم ئەحمەد بە گورجی لە ماشێنەکە دادەبەزێت و بەخۆی و جانتاکەیەوە سواری (فۆگس فارگۆن)ەکە دەبێت.




دوای دابڕان ماوەی نیوکاتژمێر بەناو بەغدا دا دەخولێنەوە، چەند جارێك ئەمبەر و ئەوبەری (کەرخ ـ رەسافە) دەکەن.
کە دڵنیا دەبنەوە هیچ ئۆتۆمبێلێك بەدوایانەوە نییە. لە شار دەر دەچن وبەرەو(سامەڕا)دەکەونە رێ.
لەرێگا (مامۆستا برایم ئەحمەد)
زۆر قسەی خۆشیان بۆ دەکات، پاشان دەچێتەسەر باسی کوردایەتی و خەباتی چەکداری و ئامادەسازی بۆ( شۆڕش). باسی ئەوەیان بۆ دەکات :
رۆژێك دێ کوردستانیش وەک وڵاتانی تر رزگار دەبێت و کوردیش بەمافەکانی خۆی شاد دەبێت. کە دەگەنە نزیك (سامەڕا)
مامۆستا پێیان دەڵێ: ئەرکی ئێوە بەم زوانە تەواو دەبێت، لە دەروازەی شار ەکەوە چاوبگێڕن. بڕیار وایە سەیارەیەکی (فۆك سۆل)
لەم نزیکانە چاوەڕوانی ئێمە بکات. هەرکاتێك ماشێنێکی لەو جۆرەتان بینی (بۆنیتی هەڵدابووە وە). ئیوە لە نزیکیەوە راوەستن..! زۆری پێناچێت سەیارکە دەردەکەوێ، دوای ئەوەی لێی دڵنیا دەبن، لە تەنیشتی رای دەگرن، مامۆستا برایم ئەحمەد دوای سوپاس و پێزانین ماڵائاواییان لێ دەکات و سواری سەیارەی سێیەم دەبێت. هەڤاڵان دکتۆر مراد و ئەحمەد دزەیی تا فولکەی سامەڕا پێشیان دەکەون و
چاودێری دەوروبەر دەکەن. پاش گەیشتنی مامۆستا و هاوڕێکەی بە ئاماژەی دەست و چرای ماشێنەکە خواحافیزی لێك دەکەن و
ئەوان بەرەو شاری(موسل) و ئەمانیش بۆ بەغدا دەگەڕێنەوە. تا گەیشتنەوەیان بەسەلامەتی هەڤاڵ(مام جەلال) لەو ژوورەدا
لە چاوەڕوانی دەمێنێتەوە و دوای بەخێرهێنانەوەیان دەگەڕێتەوە بۆ شوێنی خۆی.

..........................

**تێبینی:**
**ئەم زانیارییانەم لە**
**(ئەحمەد عەلی دزەیی)**
**ئەندامی خولی یەکەمی**
**(پەرلەمانی کوردستان) وەرگرتووە**




# سەروەری مەلاشاخی

## ساڵیادی شەهید مەلائاراس

## 11 - 4 - 1987

شەهید( مەلائاراس)
شۆڕەسواری کرکوک وگەرمیان و
شوان و شێخ بزێنی و سالەیی..

* شەهید (مەلائاراس)
لە خانەوادە و بنەماڵەیەکی کوردپەروەر
ودڵسۆزی گەل و
خاک و نیشتیمان و
یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و
ڕێبازی خوێندنگەکەی مام بوو.
- لەگوندی (توڵکی)
لە ناوچەی شێخ بزێنی
چاوی بەژیان هەڵهێنابوو ،
یەکێک بوو لەفەرماندە
هەرە ئازاوچاونەترسەکانی
شۆڕشی نوێ،
- لەناو جەماوەریش
پێگەیەکی تایبەتی هەبوو،
دەم بەخەندەو ڕووخۆش بوو،
شۆڕەسوارەکەی گەرمیان بوو،
فەرماندەیەکی هێدی و هێمن و
لەسەرەخۆ و قسەخۆش بوو ،
لەقسەو گوتاردا
نەرم ونیان وئارام بوو ،
ئەگەرچی شەهید(مەلائاراس)
لەقوتابخانە نەیخوێندبوو..
لەحوجرەی فەقیەتی خوێندبووی
بەڵام هێندە هزر وبیر تیژ و
هۆشمەند وبەسەلیقە بوو،
شەهید پیرەو پرۆگرام و
ڕێباز وبیرو باوەڕی
کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانی
لەناخدابوو..
بۆیە مرۆڤ دۆست بوو
ڕێزی لەهەموو مرۆڤێک دەگرت.
جگە لە دیکتاتۆر وزۆردار و
خائین وخۆفرۆشان..
خۆشەویستی ئەو بۆ خەلک و شۆڕش و
کوردایەتی وهەژاران..

خۆشەویستیەکی جیاوازو خۆنەویستانەبوو،

لەسەر دەستی ئەو کۆمەلێک فەرماندەو
پێشمەرگەی قارەمان و

ئازاو دڵسۆز پێگەیشتن ،

بەشێکی زۆریان گەیشتە

کاروانی نەمران و شەهیدبوون،

بەشێکی تریان ئێستا کادرو فەرماندەی
پێشکەوتووی

(یەکێتی نیشتمانی کوردستان)ن

و هەمان ڕێبازی هەڤاڵانی شەهیدەکانیان درێژە پێ
دەدەن .

- تیپی (21) ی کرکوک

یەکێک لە تیپە هەرە ئازاکانی

ئەوێ ڕۆژێ بووە

بەسەدان چالاکی و نەبەردی

ئەنجام داوە،هیچ لوتکەو شاخێ ، پێدەشتێ،گوندو
شارێ نەمابوو

چالاکی تیادا نەنجام نەدات و

خوێنی پێ نەبەخشێ ،

دەیان فەرماندەی شەهیدو

سەدان پێشمەرگەی شەهید...

گەواهی ئەوێ ڕۆژێن.

یەکێک لەو تیپانەبوو

کە زۆرترین فەرماندەی

شەهید بوون .

***

ژیاننامەی شەهید

- ناوی تەواو : حەمەزیاد مغریب

- ناسراو بە : مەلائاراس

- ساڵی لەدایک بوون

(1/7/1960

- شوێنی لەدایک بوون:

گوندی توڵکی شێخ بزێنی

سەربەناحیەی شوان.

- ئاستی خوێندن :

لەحوجرە فەقیەتی خوێندبووی

- باری خێزان : خێزاندار بوو.

- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ( 1977 )

- لایەنی سیاسی :

یەکێتی نیشتمانی کوردستان
(کۆمەلەی ڕەنجدەرانی کوردستان)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە:
(1979)
- ئۆرگان: ناوچەی سەرکردایەتی.
- لەساڵی (1982)کرا
بەفەرماندەی کەرتی(1)ی ساڵەیی.
هەمان ساڵ بە
فەرماندەی کەرتی(4)ی خاڵخاڵان.
- لەساڵی(1983)لەبەرئازایەتی..
بووبەجێگری فەرماندی تیپی( 86)ی
دەشتی هەولێر.
- لەساڵی 1984 بوو بە
فەرماندەی تیپی(99)ی بتوێن. لەکۆتایی
هەمان ساڵ بووبە
فەرماندەی تیپی
مەڵبەندی 3 ی هەولێر.
- لەساڵی (1985)بوو بە
فەرماندەی تیپی(21)ی کرکوک.
- هەر ئەوساڵە لەپاڵ ئەوە
بۆ ماوەیەک سەرپەرشتیاری تیپی25 ی
خاڵخاڵان یش بوو.
- لەژیانی پێشمەرگایەتی دا
بەشداری ژمارەیەکی زۆر شەڕو نەبەردی
کردووە لەوانە:
شەڕەکانی(مۆردخواردەی سەروو و
شیوەسور و گۆپتەپە و ئۆپەراسیۆنەکانی
هێری پشتیوانی لەکوردستانی ڕۆژ هەڵات
ساڵی 1982 و دابان وهەلاج و
قەیوان ماوەت و
لێدانی بیرەنەوتەکانی کەرکوک و
مەعمەل قیرەکەی چەمچەماڵ و شەڕی
گردەسۆر و
شەری بێتواتە........هتد

- شەهید مەلا ئاراس
(13) جاران بریندارببوو.
بەپێی راپۆرتی پزیشکی
(355) وردە ساچمە
لەجەستەی دا بوو.
- زۆر بەداخەوە لەساڵی( 11/4/1987)
لە کاتژمێر 4ی عەسر
لەگوندی مەرزیخەی
ناوچەی شێخ بزێنی
بەموشەکێکی فڕۆکەی پیلاتۆز شەهید بوو .
- بۆ مێژوو شەهید
( مەلا ئاراس )یەکێک بوو
لەو فەرماندە چاونەترسانەی هەرگیزحسابی
بۆدوژمن نەدەکرد، کەسایتیەکی بەسەنگ و
کۆمەڵایەتیەکی فراوانی هەبوو،
لەگەڵ پێشمەرگەو جەماوەردا.
هەزاران سڵاو و درود
بۆ گیانی پاکی بەرزەفڕی
ڕووحی شـــادبێ.

***

داستانی ڕزگاری
شیعری/شاخی
بۆ/شەهیدی نەمر
حەمەزیاد مەغریب
(مەلا ئاراس)

ڕێچکە بە ستن ...!
یەك یەك،دوو دوو .
ڕێگا ببرن دەی کاکە زوو،
کەرت کەرت ،تیپ تیپ...
بەڕێ کەوتین.
لەسەد..ئاسۆگە سەرکەوتین .
لە( دابان)ەوە دەرکەوتین.
هەنگاو هەنگاوکەوتینە ڕێ.
بۆتۆماری داستانی نوێ.
تا مزگێنی بگەیەنین ،
بە گوێچکەی خەڵکی شارو دێ.
لەو کاروانی سەروەری یە...
کە خێڵمان چوو بەرەو کوێستان.
چاومان گێڕاهەتا ژیلوان.
دیار نەبووی؟!!
کەرێبواری،
دەهاتەسەرێ لەخواری.
ڕێمان دەگرت بۆ پرسیاری....
وەڵامەکان ..
بەئاشکراو بەنهێنی
هەرئەوەبوون ،
کە تۆ کەنەفتی برینی.
بروسکەی ئاسمان وزەوی
بەڕێ کران:
هاوڕێ ...لەخوارێ نەمێنی !.
لە شارباژێڕ تا قەرەچوخ
لە شێروانە وە تا کارۆخ .
کات وشوێنی دیاری کراو
چاوەڕێ بوون.

شەوهات، ڕۆژهات ...
تۆ نەهاتی ،
هەرخۆت مابووی
لە(شێخ بزێنی).

* * *

مێژوو لەخاکی(بابان)دا
داستانی وای نەنووسیوە.
شاری هەڵمەت وقوربانی....
قەت ..نەبەردی وای نەدیووە.
هەر ئەوشەوە
لە(ئەزمەڕ)ەوە تا(گوڵێ)....
بەردی ...داری .
بۆسەندنەوەی خوێنی شەهید..
لەگەڵ پێشمەرگە بەشدار
بوون،
لەمەیدانی فیداکاری.
بەڵام سەد داخ ومخابن...
کەلێنی ئێوە هەر دیار بوو،
لەنێو داستانی رزگاری.
ئای لەو شەوە ...
لەسەر(دووبرا).
لەو کەڵکەدا(مام برایم)
شەهیدکرا.
دەنگێ وتی:
چۆن چۆن ئاراس بەجێ ماوە.؟
بۆبەیانی ،
کاتێ تەتەرگەیشتەجێ
لەنامەیەك داهاتبوو:
لە( شەوگێڕ) ی شەهیداندا
لەپاڵ(هەمزە)و(مەلاجەوهەر)
دوا سەنگەرت بۆلێدراوە.
دەپێم بڵێ،
کەی ئێستاوەرزی کۆچت بوو،
بۆ..نامەی ماڵئاواییت نەنارد؟.
بۆ بێ پرس بەجێت هێشتین ؟؟
کێ شك دەبەم ،
خۆکەسیی کەم نایەتەیاد.
تۆ ڕۆیشتی ...
سەفەرت خێر
ئەی هاوڕێ ی لەدڵاشیرین .
من دڵنیام ..
خۆ جاری تر ناتبینمەوە،
مەگەر لەخەودا بتبینم .
بەڵێن دەدەم ..لەپاش مەرگت ..
دۆستانت فەرامۆش نەکەم .
گڕی بڕوات خامۆش نەکەم.


# نەخت و پوخت - 228
# مووچە و نارەزایی

ئەم بەڵگەنامەیەی، ڕۆژی ( 29ی ڕەمەزانی 1316ك- 10. 2. 1899ز.)، واتە (123) ساڵ لەمەوبەر دەرچووە، باسی دواکەوتنی مووچە و نارەزایی مووچەخۆران دەکا. لێرەدا، هێندەی پێوەندیی بە بابەتەکە و ڕووداوەکانی ئەوڕۆوە هەبێ، زۆر بە کورتیی، دەقی بەڵگەنامەکە بڵاودەکەمەوە.
(لە قەزای گوڵعەنبەری سنجەقی سولەیمانی، سەربازی شاهانە مووچەی مانگی ڕەمەزانیان وەرنەگرتووە. بۆیە هێرشیانکردووەتە سەر بنکەی پۆلیس و قایمقام.
لە سولەیمانیش پۆلیسی ئاساییش، هێرشیانکردووەتە سەر فەرمانگەی میریی و موتەسەریفییەت. هێندێ کاری ناشیاویان کردووە. ئێستە لە ئەنجوومەنی کارگێریی سولەیمانییەوە، بە تەلەگراف بڕیاروەرگیراوە، کە مووچەی مانگی ڕەمەزان و جەژنیان بدرێتێ .....)*

حەمدی، یاریدەدەری والی موسڵ

لەبەر ڕۆشنایی ئەم بەڵگەنامەیەدا، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ، هەر لە کۆنەوە (کوردستان) بە گشتیی و پارێزگەی (سولەیمانیی) بە تایبەتی، لەگەڵ دەسەڵاتی کۆن و نوێدا، کێشەی مووچەی هەبووبێ، بۆیە ئەوڕۆش زۆر بە زەقی ڕەنگیداوەتەوە!
2022 .4 .20

سەرچاوە: بابان لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا (1812-1927)، زانکۆی جیهان، خانەی بەڵگە، سلێمانی. لە کاک (بیلال موحەممەد کەریم)ەوە وەرگیراوە.
یادنامەش لە کاک حسێن محمد عەزیزی وەرگرتوە



# بەسەرکردنەوەی شەهیدان

ئەم نیشتیمانە بەدرێژایی مێژوو خوێنی لێدەچۆڕێت،هەموو بستێکی گەواهی دەری چەندین داستان و قوربانی دانێکە ،لوتکەی لەئامێزگرتووە ،ڕوباری عەشقی نیشتیمانیان لەدامێنی ئەچۆڕێت و دۆڵاو دۆڵ و شیواو شیو و بنارەو بنار خوێن دێر ئەکاو خۆشەویستی خاک بەدواهەمین دێراوی ئەم نیشتیمانە ئەگەیەنێت، ئەوەتا خانەوادەیەک چوار ڕۆڵەیان کردۆتە قوربانی خاک و ئاوی نیشتیمان

١/نەمر تاهیر عەلی ساڵح ساڵی ١٩٨٥ لەگوندی دارەبەن سەربەناحیەی ناڵپارێز چاوی بەژیان هەڵهێناوە.

ساڵی ١٩٨١ پەیوەندی کردووە بەڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردوستانەوەو ساڵی ١٩٨٢ بووە بە پێشمەرگە لەتیپی ٣١ ی سلێمانی پیاوێکی تێکۆشەرو پێشمەرگەیەکی بەبیروباوەڕو نمونەی جوانی و خەبات و تێکۆشان بووە ،بەداخەوە لەڕێکەوتی ١٩٨٣/١٠/٢٣ بەکارەساتێکی دڵتەزێن هاوڕێ یەکی فیشەک لەدەستی دەردەچێت ،دەچێتە کاروانی نەمرانەوە لەگوندی حاجی مامەند هەر لەوێش بەخاك دەسپێرێت یادویادەوەری بەخێر ڕەوانی پاکی شاد.

٢/ نەمر ساڵح عەلی ساڵح ناسراو بە ساڵح چاوشین؛

لەساڵی ١٩٦٩ لەگوندی دارەبەن سەربەناحیەی ناڵپارێز چاوی بەژیان هەڵهێناوە .

ساڵی ١٩٨٥پەیوەندی کردووە بەڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردوستانەوە ،ساڵی ١٩٨٦ بووە بە پێشمەرگە لەکەرتی یەکی تیپی ٣٧ ی شارباژێر، کاکە ساڵح لەتەمەنی پێشمەرگایەتی دا نمونەی مرۆڤی شۆڕشگێرو ئازاو کۆڵنەدەر بووە بەشداری زۆربەی شەڕەکانی ئەو ناوچەیەی کردووە لەهەر شەڕێدا بوبێت شوێن پەنجەی دیار بووە ،زۆر بەداخەوە لە بەرواری ١٨لەسەر ١٩/مانگی٨ساڵی ١٩٨٧ لە ناوچەی سورداش کلکەی پیرەمەگرون لە سپیلک /قوڵەسەوز /لەگەڵ چەند هاوڕێی تریدا چونە کاروانی نەمرانەوە ڕەوانی پاکی شادو یادی پیرۆزە.

٣/نەمر عوسمان عەلی ساڵح

ساڵی ١٩٦٣ لەگوندی دارە بەنی سەر بەناحیەی ناڵپارێز چاوی بەژیان هەڵهێناوە.

ساڵی١٩٨٠ بووە بە پێشمەرگە لەهەرێمی ٣ بەشداری زۆر لە چالاکیەکانی ئەو ناوچەیەدا کردووە نمونەی پێشمەرگەو ئازایەتی و تێکۆشان بووە تا ساڵی ١٩٨٤ بەردەوام دەبێت ،دوای ئەوە سەرقاڵی ژیانی خۆی دەبێت بەڵام لەکاری شۆڕشگێرانەو ڕێکخستن دورناکەوێتەوە ،بۆیە لەڕێکەوتی ١٩٨٩/١/٦ بەکارێکی شۆڕش لەگوندی کەوانەدۆڵ دەکەوێتە کەمینی دوژمنەوە خۆی دەردەکات ،بەڵام بەداخەوە کە دەکەوێتە ناو حەقڵی ئەڵغامەوەو گیانی پیرۆزی پێشکەش بەنیشتیمان دەکات و دەچێتە کاروانی نەمرانەوە یادتان هەمیشە بەرزو پیرۆزە، دوای خۆی سیامەندو سازگاری بۆ نیشتیمان بەجێ هێشت

٤/نەمر بەکر عەلی ساڵح ناسراو بەمام بەکر ؛

ساڵی ١٩٦١ لەگوندی دارە بەن سەربە ناحیەی ناڵپارێزچاوی بەدنیا هەڵهێناوە ؛

ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندی کردووە بە ڕێکخستنەکانی کۆمەلەی ڕەنجدەرانی کوردوستانەوە لەناوچەی شارباژێری تەخت ،لەکاری ڕێکخستندا زۆر چالاک و بوێر بووە ،لەیەکەم تەقەی ڕاپەڕیندا پێشمەرگانە سەنگەر دەگرێت ولەڕزگار کردنی شاری سلێمانی و کەرکوک دا بەشداری زۆر لەشەڕەکان دەکات تا ڕەوەکە ،دوای دەکەوێتە میحوەری ٤ ی هەڵەبجەو لەتیپی ١٥ شارەزوور دەبێتە فەرماندەی کەرت ،لەگرتنی ڕەبایەکانی بێستان سوور لەڕێکەوتی١٩٩١/٠٧/١٧ بەسەختی بریندار دەبێت دواتر دەچێتە کاروانی نەمرانەوە هەزار یادی پیرۆز ،لەدوای خۆی سێ منداڵی لێ بەجێ ماوە بەناوەکانی شەماڵ و شەونم و شەوبۆ/

ڕزگارەسوور




## هۆلۆکۆست و ئەنفال دووانەیەکی لەیەک چوو

دکتۆر ڤیکتۆر فرانل یەکێک بوو لەو کەسە دەگمەنانەی لە زیندانی کامپی نازیەکان و مرۆڤ سوتاندن و خنکاندن بە غاز ڕزگاری بووە . نامەیەکی ئاڕاستەی تەواوی مامۆستایانی جیهان کردوو تیایدا نوسی .

چاوەکانی من شتگەلێکیان بینی کەنەدەبوو چاوی هیچ مرۆڤێک بیبنێ .

من ژورەکانی گازم بینی کە لەلایەن بەتواناترین ئەندازیارەکانەوە نەخشەی کێشرابوو .

من پزیشکە لێهاتووەکانم بینی کە بەسادەیی مناڵە بێ تاوانەکانیان ژەهرخوارد دەکرد .

پەرستارە شارەزاکانم بینی کەبە یەک دەرزی ژیانیان لەمرۆڤەکان دەسەندەوە .

من دەرچووەکانی زانکۆم دەبینی کەبەبێ سڵکردنەوە مرۆڤەکانیان دەسوتان و بە ئاگریان دەسپاردن .

هەموو ئەمانە منیان سەبارەت بەخوێندن و فێرکردن دودڵ کرد !

داواتان لێدەکەم کە هەوڵ بدەن لەپێش ئەوەی خوێندکارەکانتان بکەن بە دکتۆر یان ئەندازیار بیانکەن بەمرۆڤ و مرۆڤسازی بکەن...بۆئەوەی ڕۆژێک نەبن بەدڕندەو جانەوەرێکی نەخۆشی خوێنەواری زیرەک !

بوون بە پزیشک یان ئەندازیار کارێکی زۆر دژوار نییە هەموو کەس دەتوانێت بەچەند ساڵێک هەوڵ و کۆشش پێی بگات، خوێندکارەکانتان فێر بکەن کە باشترین و گەورەترین سەرمایەی هەریەکێک لەوان (مرۆڤ بوونە)، کە بەهیچ بڕوانامەیەکی خوێندن لە جیهاندا بەراورد ناکرێت..

بۆیە دەڵێم با پەروەردە پێش فێرکردن بێت.

تێبینی ئەم بابەتە چەند کەسێک بڵاوی کردۆتەوە من لە خالید حسێنم وەرگرتوە .

یادنامە



# بەسەرکردنەوەی هونەرمەندان
## بەهرام حاجۆ
## لە قامیشلییەوە بەرەو جیهانی بوون
## بەختیار سەعید

هێندە ئاسان نییە لە قامیشلۆوە هەنگاو بنێیت و بتوانیت بوونی خۆت وەکو نیگارکێشێکی بە توانا بسەلمێنێت لەناوەندێکی وەکو ناوەندی هونەری ئەوروپی، لەناو ئەو تایبەتمەندێتی و ئەکادیمی بوونەی هونەردا بتوانێت هونەرێك پێشکەش بکات کە دواتر گەلەرییەکان کێبڕکێ بکەن لەسەر ئەو کامیان زووتر دەتوانن پیشانگەی بۆ بکەنەوە.

نیگارەکانی بەهرام نیگاری موعاناتەکانی ئینسانە، ئەو لەیەککاتدا دوو جۆر موعاناتە، لەلایەك وەکو ئینسان، لەلایەك تر وەکو هونەرمەندێك، لەهەردوو جۆرە موعانەتەکەدا هەستکردنێکی قوڵ هەیە بە ونبوون و گەیشتن بە ئامانجێك، واتا ئەوە تەنها نیگارکێشانە کە ئەتوانێت هاوسەنگییە لەناو ژیاندا رابگرێت لەناو ژیانی پەنابەرێکدا کە لەگەڵ هەموو هەنگاوێك کە دەینێت لەخاکی مەنفادا دەترسێت و تووشی دڵە ڕاوکێ دەبێت.

حاجۆ جیاواز لە زۆربەی شێوەکارە کوردەکان سەرکەوتنێکی باڵای بەدەستهێناوە بەتایبەت هاونیشتمانییەکەشی (مەروان قەساب باشی)کە بەچەند ساڵێك پێش ئەو لە مەنفا ژیانی بەسەردووەو ئەزموونێکی کاری هونەری هەبووە لەناو ئەڵمانیاداو بتوانێت لەناو نیگارکێشە ئەڵمانەکاندا زۆر بەهێزەوە بە پێوە بوەستێت، بەڵکو وەکو مامۆستایەك و خاوەن ئەزموونێك ئاماژە بەناوی بێت.

حاجۆ نیگاری نامۆکان بە رووکارێکی روونتر دەکێشێت، ئینسانەکان هیچیان لەیەکتری ناچن، بەڵام لەلایەکی ترەوە تەواوکەری یەکترین، ئەو کەسەی کە خەونەکان لەچاوەکانی فڕیوون و لە پشتەوە چەندین چیرۆك خۆی مەڵاس داوە، سەرەتای ستایلی بەهرام حاجۆ بە نیگاری سروشت دەستپێکردووە کە خۆی لەناو سروشتێکی سیحراویدا ژیانی بەسەربردووەو تەعبیری قۆناغەکانی سەرەتای شێوازی کارەکانی داگیرکردووە، دواتریش ستایلی کارەکانی بەرەو دنیای تەعبیریی دەگوازێتەوەو لەو ڕێگایەوە هەستە نیشتمانییەکان و خەونە پڕ مێژووییەکانی دەخاتە ڕوو.

پرۆفیسۆر (کریسۆف مێسینگ) سەبارەت بەکارەکانی بەهرام دەڵێت (هونەری بەهرام بانگەشەی وەرچەرخاندنی چارەنووسی بەناوبانگی شیعری مەزن دەکات لەوەدا کە وەکو تابلۆیەکی قسەکەر دەردەکەوێت، بەهرام بەرهەمی هونەری وەها دێنێتە کایەوە، ئەگەر بروانینە 10 ساڵی رابردووی وێنەکێشانی جگە لە ناسینەوەی ئەمەی کە بە روئیایەك سیحری لێکراوە، هیچی ترت بە خەیاڵدا نایەت، بابەتی هونەرەکەی بریتییە لە مرۆڤ لە تەنیاییدا، بەهرام ئەفرێنەری جیهانییە).

بەهرام لەدوای کردنەوەی یەکەم پیشانگەی تایبەتی خۆی لە ئەڵمانیاو لە ساڵی 1983دا، ئیتر پیشانگە تایبەتییەکانی بەردەوامی بەخۆوە بینی و لەهەریەك لە (سوریا، هەرێمی کوردستان، ئەڵمانیا، ئەمریکا، مەکسیك، مەجەر، بەریتانیا، ئیمارات، بەحرێن، ....هتد) پیشانگەی تایبەتی کردۆتەوەو بەردەوام نیگارەکانی بۆ بەبەرزەیینانەو دوور لە سۆز و بەرەنگێکی تۆقێنەرو بە باکگراوندێکی سپی کە هیچ لینکێکی لەگەڵ شوێنێك یان بۆشاییەك،



یان بیرۆکەیەك نییە کێشاونی، لەگەڵ ئەوەشدا لەسەر ئەو شێوازە کارکردنەی لەساڵی 2014دا خەڵاتی (هنری ماتیس)ی فەرەنسی پێدەبەخشرێت، بەهرام سەبارەت بە نیشتمان دەڵێت (بەردەوام لەبیری نیشتماندام، هەربۆیە هەست بەوە ناکەم کە ئەڵمانیا بووبێتە نیشتمانم، لەگەڵ ئەوەی لەدوای خێزان درووستکردنم لەگەڵ ژنێکی ئەڵمانیداو دواتر خێزان درووستکردنەوەم لەگەڵ خانمێکی کوردی قامیشلۆو دوو کوڕم هەیە).

سەبارەت بەساتەکانی نیگارکێشانی بەهرام دەڵێت (هەروەکو چۆن مەزاجی کەسەکە ڕۆڵی هەیە لەچۆنێتی دانانی ئاوازێك لە مۆسیقادا، بەهەمان شێوە ڕۆڵی هەیە لە بنیادنانی تابلۆکەداو لەهەردوو حاڵەتەکەدا هونەرمەندە لە حاڵەتی دەروونی نا ئاساییدایەو بەکارە هونەرییەکەی دەریدەبڕێت و بەرهەمێکی هونەری لەدایك دەبێت).

بایۆگرافیای بەهرام حاجۆ

- 1952 لە رۆژئاوای کوردستان لەدایکبووە.
- 1972 ئەکادیمیای هونەرەجوانەکانی بەغدای تەواوکردووە.
- 1984 ئەکادیمیای هونەری مۆنستەری تەواوکردووە.
- 1983 پێشانگەی تایبەتی لە مۆزەخانەی بوخم.
- 1984 پێشانگەی تایبەتی سەنتەری کلتوری ئارن هایم.
- 1987 پێشانگەی تایبەتی گەلەری تساندێر ئیمسدتن.
- 1988 پێشانگەی تایبەتی گەلەری گلاسینگ مونستەر.
- 1990 پێشانگەی تایبەتی چوارگۆشە لە مۆزەخانەی جوزێف ئێلبیرس.
- 1992 پێشانگەی تایبەتی کلتورە شایشە لە ئۆلدن بیرگ- بەرلین.
- 1993 گەلەری کاوف لە لەندەن.
- 1994 گەلەری ald.art دیمەشق.









Bahram,016


Bahram,016

# ڕیشەی ئەنفال لە عیراق :
## مەسعود عەبدولخالق



لەو رۆژەی کوردستان بە عیراق لکیندراوە خۆشی لە خۆی نەبینیوە ، ڕاست تر لەوە لەوەتەی عیراق لە 1921 دروست بوە ،هەر لە قەیران ونائارامیدایە ئەو بارو دۆخە نا ئاساییە لە عیراق بەردەوام بوە بێ چارەسەریەکی ڕاستەقینە، هەربۆیەش وڵاتێکی نا ئارامو پڕ لە پشێوی لێ دروست بوە، سەرجەم زیاتر(36) ئینقلاب و ڕاپەرینی ئاشکراکراوە ،تا ئیستاش مەرجە یاساییەکانی (دەولەت)ی پێ نەهاتۆتە دی بە پێی کۆنگرەی مونتیڤیدیۆ ، واتە گەلی عیراق بوونی نیە(بەلکو فرە میلەت وپیکهاتەیە)و خودی دەولەت بوویتە لایەنیك لە ناکۆکیەکان نەك یەکخستنی ،لەو چوارچیوەیەش لەسەرەتاوە دژایەتی کوردستان کراوە،لەسالی 1963 بڕیاڕی قڕکردنی کورد دەرچوو، لە هەلمەتی یەکەمی ئەنفالی عبدالسلام عارف وبەعسیەکان هێزی سوریا بە فەرمی هات یارمەتی عێراقی دا بەپێی مادەی(2)ی (معاهده الدفاع المشترك بين دول الجامعه العربيه)کە لە 1950/4/13 مۆرکرابوو، لەوێشەوە بۆ هاوپەیمانیەکی سەربازی نێوان سوریا وعێراق کە لە 1963/10/8بەسترا بوو ، پسپۆرانی شەڕی پارتی زانی جەزائیری وفڕۆکەوانانی یەمەن وهێزی هندی وپاکستانیش یارمەتی عێراقیان دا ، تاگەیشتە قۆناغی مەترسی لە سالی 1964 عبدالسلام عارف(سەرۆك کۆماری ئەوسا) زانایەکی زۆری عربی کۆکردەوە شیخی ئەزهەریش هات بۆ فتوای ئەنفال وقڕکردنی کورد(یان ئەوەی پێی دەووترێ ڕەشبگیر) ،کۆنگرەیەکی ئیسلامی ڕێکخست لە بەغدا بۆ ئەوەی بە فتوا کورد بە یاخی (مارق) هەژمار بکەن بە پێی ئایەتی:(إِنَّمَا جَزَاء الَّذِينَ يُحَارِبُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَيَسْعَوْنَ فِي الأَرْضِ فَسَادًا أَن يُقَتَّلُواْ أَوْ يُصَلَّبُواْ أَوْ تُقَطَّعَ أَيْدِيهِمْ وَأَرْجُلُهُم مِّنْ خِلافٍ أَوْ يُنفَوْا مِنَ الأَرْضِ ذَلِكَ لَهُمْ خِزْيٌ فِي الدُّنْيَا وَلَهُمْ فِي الآخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ)،لەوەوە لە 5ی تەموزی 1965 فتوا بە ناوبانگەکەی (محسن الحكيم - گەورە مەرجەعی شیعەکان) دەرچوو دژ بەو کۆنگرەو دژ بە شەڕی کورد، ئەو کۆنگرەیە هەلوەشایەوە،ئەوە لە کاتیکا زۆربەی حزبە عەلمانیە عربەکان و تەیاری نەتەوەیی و دەزگا مدنی و ڕێکخراوە دیموکراسیەکان و جامعەی عربی و ... لەدژی کورد بەیانیان هەبووە و لایەنگری داگیرکردنو ئەو سزاتوندانەیان کردوە ، بەلام دەزگای ئاینیە سەربەخۆکان بەلایەن کەمەوە دژی کورد نەوەستان، جگە لە هەندێ مەلای دروستکراوی تابعی وەزارەتی ئەوقاف، لەسەر ئەرزی سەربازییش عبدالسلام عارف هیرش وپەلاماری بۆسەرکوردستان بە دروشمی( سەر بۆ ئێمە ومالْ بۆ ئێوە) پیادەکرد،پەلامارەکانیان نیوەی کوردستانی باشوری گرتەوە، بە هەزاران خەلك گیراو کوژراو زیندانی کرا بە هۆی کورد بوونەوە .،تا نزیك هێلی 36 وشکستیان هێنا بەهۆی بەرگری هێزی پیشمەرگەو جەماوەر ، نابێ لەبیربکەین ئەوکاتی یەکێتی سۆڤیەت بەدەنگ هات دژی ئەوگەلەکۆمەکەی بۆسەر کوردستان ،وەزیری دەرەوەیان (ئەندرێ گرۆمیکۆ)لە 1963/7/4 سکالانامەیەکی ئارستەی عیراق وئیران وسوریاو تورکیا کرد(ناوی نان بەرەی ئیمپریالیزمی-سەنتۆ) ،

لە بەلگەنامەیەکی بەریتانی زانیاری ترلەوبارەی هاتوە دەقەکەی بلاودەکەینەوە : ( رقم e/38099تموز 1963الجلسه 36، الماده رقم1 فی جدول الأعمال.

- رسالة رئيس بعثة الاتحاد السوفيتي إلى الأمم المتحدة

الأمم المتحدة، المجلس الاقتصادي والاجتماعي- للتداول العام رقم E/38099تموز 1963الجلسة 36، المادة رقم1 في جدول الأعمال.

" سياسة حرب الابادة ضد الكرد من قبل الحكومة العراقية"

الموضوع/ طلب إضافة فقرة جديدة الى جدول الأعمال

رسالة رئيس بعثة الاتحاد السوفيتي الى الامم المتحدة الى رئيس المجلس الاقتصادي والاجتماعي

سعادة مستر ا. باتينو- الرئيس ،جلسة السادس والثلاثون من اجتماع المجلس الاقتصادي والاجتماعي


# ئەنفال


.......

ئەنفال سەدو هەشتاو دووهەزار تنۆکە فرمێسک..
ئەنفال سەدو هەشتاو دووهەزار فریشتەی لم.
.ئەنفال سەد و هەشتاو دووهەزار رۆح لەشووشەو
کۆستی کەووتووی کوردان...
ئەنفال سەدو هەشتاو دوو هەزار پەپوولەن
باڵ لەتیشک و رۆح لەکل و خوێن لە لم ،دڵ لە قەندیل
،ئەوان هەمیشە بەسەر سەرمانەوەن
پۆلێ پەپوولەی ڕۆح سوکن
ئەگەر ئەوان نەبن گوڵێک ناپشکوێ .
.ئەنفال کراسی بەری رەشی شەوی کوردوستان
ئێوە نەبن ئەستێرەیەک هەڵنایە...
ئەنفال مەفرەزەیەکی سەدو هەشتاو دوو هەزار کەسین چون بۆ گرتنی وویژدانی خوا،نایەنەوە هەموو لە بیابان شەهید ئەبن
ئەنفال سەدو هەشتاو دوو هەزار کلووە بەفرن قەندیلیان گرتۆتە بەر هەر هەمویان لە بیابانا لە گەرمانا رەق دەبنەوە
ئەنفال سەدو هەشتاو دووهەزار برینە بەجەستەو گیانی کوردەوەو نەهەتوانی هەیە و نەچاک دەبێتەوە ،
هەتاهەتایە خوێنی لێ دەتکێت و دەتکێ ...دەستی لەمل سیروان ئەنێ و ئەبێتە رۆحی گوڵە گەنم و قردێلە رەشەکەی حەبیبەکەی نالی
ئەنفال مەفرەزەیەک بوون پێنج هەزار گۆجان و پێنج هەزار چراو ، پێنچ هەزار هەناسەو پێنچ هەزار ماچیان پێ بوو ئەچوون بەپیر هەڵەبجەوە.
ئەوان تاقم و تفەنگیان پێ نەبوو بەماچ شەریان ئەکردوو بەپێکەنین مۆرەیەیان ئەکرد

..............................................

ڕزگارەسوور










# شەهیدانی هونەر کارزان و هاوڕێکانی

لەیادی ٤٤هەمین سالی سەهید بونی
کارزان و فەرمان و ڕێبوار و ئازاد دا
چوار مندالە مۆسیقیە بلیمەتەکان

لە سلێمانی چوار مامۆستای مۆسیقا لە هەستێکی نەتەوەیی و پەرەی هونەری و دابین کردنی هونەرێکی پێشکەوتوو بۆ دوارۆژی نەتەوەکەمان هەستان بە کردنەوەی خولی مۆسیقا بۆ مندالانی قوتابخانەکانیان وە هەر زۆر زوو تیپی مۆسیقای مندالانیان لێ پێك هێنان و کەوتنە کاری هونەری گەورەوە
مامۆستایان :عوسمان محمد ئەمین لە قوتابخانەی نەورۆز
دلێر ئیبراهیم لە قوتابخانەی شێخ مەحمود
نامدار قەرەداغی لە قوتابخانەی بێخود
سەلاح ڕەئوف لە قوتابخانەی پیرەمێرد
لە سالی خوێندنی ١٩٧٧_١٩٧٨ لەرۆژی ١٧/٤/١٩٧٨ هەلبژاردەی سێ تیپی یەکەم ئەوکات مامۆستا سەلاح رەئوف هێشتا تیپی پێك نەهێنابوو تیپێکی یەکگرتومان لێ دروست کردوو بەناوی چالاکی قوتابخانەکانی پەروەردەی سلێمانیەوە بەرێکەوتین بۆ هەولێر کە لەوێ میهرەجانی سالانەی پەروەردەی هەموو عێراق ئەکرا
رۆژێ پێش ئێمە بەشدارانی ناوەندی و دواناوەندیەکان چوبون بۆ هەولێر
ئێمە بەشی سەرەتاییەکان لە چەند پاسێکا بوین کە هەر پاسەو مامۆستای مندالە بەشدارەکان سەرپەرشتی ئەکرد پاسەکان وابزانم پچوکەکان بوو پاسی پۆلۆنیان پێ ئەوت لە سەیتەرەی کەرکوك دەرچوبوین بەرەو هەولێر ئەرۆیشتین مامۆستا دلێر لەگەڵ قوتابیەکانی لە پاسێکا بوون کە سایەقەکەی ناوی کاك ئەحمەد بوو
ئەم چوار پێنج پاسە جار بەجارێ پێشی یەکتر ئەکەوتن لە کاتێکا پاسەکەی مامۆستا دلێر ویستبوی پێش سەیارەی بەردەمی کەوێ و بێتە پشتی پاسەکەی ئێمە هێشتا تەواو نەهاتبوە سایدەکەی خۆی ترێلەیەکی گەورە بە پێچەوانەی ئیتیجاهی ئێمە زۆر بەخێرایی لێی ئەخوریو یای لە لای سایدی سایەقەکەی پاسەکەی کاك دلێرەوەو قلیشی کردوو پاسەکەی وەرگەران و هەلی گێرایەوە لە کاتێکا کە ترێلەکە ئەیتوانی خێرایی کەمکاتەوەو تۆزێ لای بدایەتە سەر خۆلەکە
کاتێ ئەمە روی دا سایەقەکەی پاسەکەی ئێمە پیاوێکی گەنج بوو لە ئاوێنەکەوە دی بووی و هاواری کرد یا ئەلا یا ئەلا وەرگەران منیش لائیرادی دەستم برد بۆ دەرگاکە بیکەمەوە سایق هاواری کرد نەکەی وا ئەوەستم لای دایە خۆلەکەو وێستا دابەزیم رامکرد بۆلایان یەکەم کەس بووم کە گەیشتمە لایان پاسەکە وەرگەرابوو هەر چوار تایەکەی بە ئاسمانەوە بوو لە پەنجەرەکانەوە مندالانو سەرنشینەکانمان دەرکرد مامۆستا دلێرو کاك عومەر باوکی کارزان و فەرمان لە هەمان پاسدا بوون کارزان وفەرمان هەر لەوێدا شەهید بووبوون ئازاد و ڕێبوار خوێنیان لێ ئەرۆی بەپەلە گەیانمانە خەستەخانەی کەرکوك وە هەموو مدالەکانی ترمان ناردەوە بۆ سلێمانی تەنها من و مامۆستا دلێر ماینەوە لە خەستەخانە
ئازادی ش زوو لە خەستەخانە شەهید بوو
ڕێبوار تۆزێ بەخۆ بوو خوێنی زۆر لێ رۆشتبوو داوای خوێنیان لێ کردین من ووتم فەرموو لەمنی دەرکەن وتیان تۆ بەکەڵک نایەی ئەوکات زەعیف بووم مامۆستا دلێریش باری دەرونی زۆر تێك چوو بوو بەکەلکی خوێندان نەئەهات هەرچۆنێك بێت بەقەرز بوتلێکیان بۆ پەیداکرد و دوایی داماندنەوە مامۆستا دلێر زۆر دلی بەمن خۆش بوو کە کارەکانم رائەپەراند ئەو تەواو پەکی کەوتبوو گالتە نیە سێ مندالت لە لای خۆتەوە لەبەرچاو خۆتەوە شەهید بنو چوارهەمیش هیچ ئەمەلێکی نەبوو
من بە زۆر زەحمەت بە دوو جار چوار دارە مەیتم لە مزگەوتەکانی کەرکوك پەیدا کردو سیانیانیا زوو ناردمانەوەرێبواریشیان شەو لەگەڵ خۆما گەیاندەوە سلێمانی بردمەوە بۆ مالی باوکی هەموو گیانم خوێن بوو بەو جلانەوە خۆم کردەوە بەمالاو بەیانی زوو چومە مەکتەبی بێخودو وە سەرم لە مندالەکان داو ئامادەکاریمان کرد بۆ ناشتنەکانیان لە گردی شەهیدانی سەیوان ناژران. وە بۆ سێ رۆژانەکەیان مەراسیمێکی شایستە بەرێوە چوو کە تیایا قوتابخانەکانو مندالە مۆسیقی و کۆرسەکان تیا بەشدار بوون
هیوادارم رۆحیان ئارامو شاد بێت بەو تەمەنە کەمەیانەوە زۆر بلیمەت بوون گەر ئێستا بمانایە تەمەنیان لە سەروی پەنجاکانەوە ئەبوو ئەبێ چەند بەتوانابونایەو چەندخزمەتیان بە هونەرو نەتەوە بکردایە
بۆ هەمیشە لەیادمانان

# چەپكێک لەخەباتی پارتیزانێکی دوای ئەنفال (لێدانی هێزەکەی بارق)

سلاو هاورێیان و هەڤاڵانم سەرەتا ببورن ئەم ماوەیە لە بەر هەندێک هۆکاری تایبەت و نەبونی کەشێکی گونجاو بۆ نوسینەوەی بیرەوەریەکان لێتان دابڕابوم ، لێرەوە وردە وردە دەست ئەکەم بەگێڕانەوەی ڕوداو و بەسەرهاتەکانی کاروانی خەباتی پێشمەرگایەتیم سوپاس بۆ بەردەوامیتان ..

ماوەیەک بوو لە ناوچەکانی شێخ بزێنی وساڵەی و دەشتی کۆیە هێزەکانی قوات خاسە بە سەرپەرشتی(( بارق)) زۆر بە خراپی کەوتبونە گیانی گوندنشینان و خەڵکی بێ گوناهی کورد، ئەو هێزەی بارق زۆر بەهێز و پڕچەک بوو لە لایەن ڕژێمی ئەوسای بەعس پشتیوانی تەواو دەکران و بەئەندازەیەکی زۆر پڕچەک کرابون و دەسەلاتێکی زۆر و فراوانیان هەبوو ، ببونە هۆی ماڵوێرانی و گرتن و کوشتن .

(بارق عبدالله حاجی حنطه فەرماندەی لیوای قوات خاسه بوە لە ساڵی ١٩٨٥ تا ١٩٩١ پاشان لەسێدارە درا لەسەردەمی ڕژێمی بەعس )

لەپای ئەو هەموو زوڵم و زۆرەی کردبوویان دەرحەق بە خەڵکی کوردستان هێزی پێشمەرگە زۆر مەبەستی بوو کە هەرچۆنێک بێت هێرش بکاتە سەر ئەو هێزەو لێیان بدەن تۆڵەی خەڵکی کوردستانیان لێ بکەنەوە ، ئەوەبوو چەند جارێک پێشمەرگە هێرشیان بۆ دەبردن لە هەرشوێنێک کە ڕێک بکەوتایە .

ماوەیەک بوو هێزەکەی ئێمە کەرتی یەکیساڵەیی تیپی ٢١ کەرکوک لەئەرک دابوین لە سەرکردایەتی لەپاش تەواو بونی ئەرکەکەمان و گەڕانەوەمان ئەوەمان زانی کە هێزەکەی بارق هێرشی کردوەتە سەر گوندەکانی کانی ڕەش و مەرزیخە و مەرزیخە لە شێخ بزێنی خوارو ، هەرچی خوا پێی ناخۆشەو دژی مرۆڤایەتیە لەو گوندانە دەستیان پێی گەیشتبوو لە تاڵان کردن و کوشتن و ئەزیەت دان و سوتاندنی ماڵی خەڵکی و دزینی مەڕوماڵات لە سەروەت و سامانی ئەو گوندانە دەستیان نەپاراستبوو .

لەپاش ئەمانە کەرتەکەی ئێمە زۆر ڕق ئەستور ببوین بەرامبەر هێزەکەی بارق و بەڵێنمان دا تۆڵەی خەڵکی ئەو گوندانە و تۆڵەی شەهید (سەید قادری عەلی بەیان )یان لێ بکەینەوە ، لەدەرفەتێک دەگەڕاین کەوا زەبرێکی زۆر بەهێزیان لێبدەین و وەها چاو شکێنیان بکەین کە جارێکیتر نەوێرن دەستدرێژی وابکەنە سەر خەڵکی بێ تاوانی ئەو گوندانە .

کەرتەکەی ئێمە (کەرتی ١ ساڵەیی) پێکهاتبون لە ٧٠ بۆ ٨٠ پێشمەرگە بە فەرماندەیی کاک سەرباز مام حسێن (کاک سەرباز مام حسێن فەرماندەیەکی دڵسۆز و ئازاو خۆشەویستی ناو هێزی پێشمەرگە بوو بەتایبەتی لەناو تیپی ٢١ ی کەرکوک بە تواناو ئازایەتی خۆی هەموو پلەکانی پێشمەرگایەتی بڕیبو کادیرێکی جەماوەری و عەسکەری خۆشەویست بوو یەکێک بوو لە خوێندکار و پێشمەرگە ئازاکانی شەهید مەلا ئاراس )

خەریکە نزیک دەبینەوە لە ئەنجامدانی هێرشەکە ..


ئێمە ئەوکاتە لە پێش ئەنجامدانی هێرشەکە لە ئەرک و جەولەدا بوین لە قەڵاسێوکە ، ئێوارە لە گوندی مۆردخواردەی خواروو بوین ، لە ناکاو لە بڵندگۆی مزگەوتەوە بانگەواز کرا کە هەر لەدوای نان خواردنی ئێوارە بەپەلە لەمزگەوت کۆببنەوە ،

کاتێک هەموو پێشمەرگەکان لە مزگەوت کۆبوینەوە ،

هەر بەخێرایی کاک سەرباز لەگەڵ مەفرەزەیەک بەڕێکەوتن و بە شەهید ئاکۆسوری وت ئێوەش لەدواوە بەڕێ بکەون زۆر بەپەلە !! ئێمەش نەماندەزانی کە بۆ کوێ بەڕێدەکەوین ،

کاتێک بەڕێکەوتین زانیمان بەرەو شێخ بزێنی خواروو دەڕۆین ، سەعات ١٠ی شەو گەیشتینە گوندی شەوگێر لەوێ کاک سەرباز کۆبونەوەیەکی بەپەلەی ئەنجام دا و ڕایگەیان کە زانیاریمان هەیە سبەی هێزەکەی(بارق) بەرەو شێخ بزێنی بەڕێدەکەوێت

(ئەو ڕۆژە ڕێک لە بەرواری ١٦-٦-١٩٨٧ بو ) ،




کاک سەرباز بە شەهید ئاکۆی جێگر کەرتی ووت بەیانی لەگەڵ ١٥ پێشمەرگە بڕۆن بۆ سەر کەلی عەلی بەیان و کەمینێکی توند و تۆڵ دابمەزرێنن و چاودێریەکی وردی ئەو ناوچانە بکەن ، ئێمەش لەگەڵ(هێزی پشتگیری گوندەکان )

دامەزراین و من یەکێک بوم لەو ١٥ پێشمەرگەیە و لەگەڵ شەهید ئاکۆ بەڕێکەوتبوین بۆسەر (کەلی عەلی بەیان ).

کەمینمان دانا تا سەعات ٧:٣٠ بەیانی لە هیچ شوێنێک دەنگ نەبوو نەدەنگی سەیارە نە هی کۆپتەر ، زۆر بەوردی چاودێریمان دەکرد دوای ئەوەی دونیا ڕوناک بو سەعات ٧:٣٠ گەڕاینەوە بۆ ناو گوندی شەوگێر ، بۆ ئیسراحەت و نان خواردن ، دابەش بوین بەسەر ماڵەکان ، هەر کە ویستمان دابنیشین ، لە ناکاو !! دەنگی ٣ گولە راجیمە لە حاوی توڵکیەوە هات ، بوە هەراو دەنگەدەنگی ژن و منال وتیان هێزی ڕژێم لە توڵکیەوە هاتوە و سەر( شاخەجیقنە)ی گرتوە ،( ئەو شاخە دەکەوێتە نێوان توڵکی شەوگێڕ) ،

کاک سەرباز لە ماڵی خۆیانەوە بەهاوار هات و دوو فیشەکی تەقاند و ووتی پێشمەرگە کۆببنەوە ، کاک سەرباز ٢٠ تا ٣٠ پێشمەرگەی لەگەل خۆی برد و بەلای ماڵی شەهید مەلائیاراس تێپەڕی و فاتمی خێزانی (شەهید مەلائاراس )ووتی کاک سەرباز مەلائاراس نەماوە و ڕژێم خەریکە هەر بەزیندوویی لە شێخ بزێنی بمانبات !! ، ئێمەش بەو قسانە ڕق ئەستورتر بوین .

جەماعەتەکەی کاک سەرباز بەرەو قوڵای ئەو شوێنە ڕۆشتن کە هێزی دوژمنی لێبوو لە(شاخەپانە) ی خوار ئاوایی توڵکی ،

هێزەکەی ئێمەش لەگەڵ شەهید ئاکۆ ڕاستە و ڕاست سەرکەوتین بۆ ئەو هێزەی کە هاتبوە سەر (شاخە جیقنە) ، هەر کەگەیشتن لێیانمانداو دوژمن ٨ بۆ ٩ کوژراوی لێ بەجێما و کەوتینە دوای ئەوانیتر .

کاک سەرباز و هاوڕێکانی ئەوانیش زۆر بەباشی لە هێزەکەیتریان دابوو ، دوژمن زۆر شپرزەبو تێکشابو،

هەروەها لەقۆڵی قەرەسالمەوە لێیان دراو لەلایان هێزی پشتگیری و چەند پێشمەرگەیەکی خۆمان کە لەمۆڵەت دابون لەو هێزەی دوژمنیان داو هێنایانە بەرامبەر ئێمە ،

کاتێک ئێمەش گەیشتینە هێزەکەی کاک سەرباز تەماشامانکرد کاک سەرباز بریندار بووە شەهید ئاوات سەرپەرشتی هێزەکەی دەکرد تاکو شەهید ئاکۆ گەیشتە لایان و دوبارە هێزەکەی رێکخستەوە و هێرشێکی گەورەمان کردەوە سەریان .

لەو کاتەدا( بارق ) لە ناو ئەو دۆڵەی کە لە وێنەکەدایە لەپشتمەوە ، لەگەڵ ٥٠ بۆ ٦٠ ئەفسەر و سەرباز خەریکی خۆ رێکخستنەوە بون ،

ئێمەش بەردەمی دۆڵەکەمان لێیان گرت و زۆر بەسەختی لێیان مان دا !! بارق لەناویان بریندار بوو ، بەداخەوە لەوکاتە دوو جاشی خۆفرۆشی تەحسین شاوەیس لێمان سەرکەوتنە سەر بەرزاییەکەو بە ٢ بیکەیسی تەقەیان لێمان دەکرد ،

کە بەداخەوە بوە هۆی شەهید بونی پێشمەرگەیەکمان و بریندار بونی یەکێکیتر ، لەپاش ئەوە بەپەلە شەهید و بریندارەکەمان دورخستەوە و گەڕاینەوە دواوە ، لەوکاتەدا کۆپتەرێک هات و بارقی هەڵگرت بەوە زانیمان کە بارق بریندار بوە ،دوای ئەوە هێزی دوژمن لەهەمو قۆڵەکانیترەوە تێکشکێنراو کۆپتەرەکان لەبەر تۆز و خۆڵبارینێکی زۆر بۆردومانی جاشەکانی دەکرد و نەیدەتوانی لە هێزەکەی ئێمەبدات بەهۆی نزیکیمان لە عەسکەرەکان ،

لەو شەڕەدا دوژمن زەرەر و زیانی زۆریان بەرکەوتو و بەتەواوی تێکشکێنران و پێشمەرگە دەستکەوتی زۆری هەبوو .

لاشەی دوژمن لەبەر دەستمان کەوتبو  تەنانەت ناسنامەی یەکێک لە کوژراوەکان ئەفسەرێک بوو بەرەگەز سودانی بوو،

ئەم سەرکەوتنە گەورەیە بەخوێنی دوو پێشمەرگەی قارەمان و بریندارێک تۆمارکرا بەناوەکانی

١-شەهید مام کەریم (خەڵکی بیرەسپان)

٢-شەهید مەلایوسف (خەڵکی کەرکوک )

٣- بریندار بونی کاک ئاسۆ عەینەک کە ئێستا لەدەرەوەی کوردستان دەژیت رێز و سلاوم بۆی هەیە .

ناوی پێشمەرگەکانی (کەرتی ١ی ساڵەیی) نانوسم چونکە نامەوێت کەسیان لەبیر بکەم هەمویان پێشمەرگەی ئازاو بوێرن و قوربانیاندا بە ژیانی خۆیان لە پێناو ئەم نیشتمانەدا ،

خۆشەویستن لە دڵما بۆهەمیشە ..

لەم چالاکیە بێ وێنەیەدا خەڵکی گوندەکانی (توڵکی و قەرەسالم و شەوگێر)و هەمو گوندەکانیتری شێخ بزێنی زۆر بەدڵسۆزی و هەستی بەرزی کوردانەیان یارمەتی هێزی پێشمەرگەیاندا و پشتیوانی سەرەکی بون لە دابین کردنی ئاو و خۆراک و تەقەمەنی و فیشەک بۆ پێشمەرگەکان

هەر بۆ یادگاری ئەو رۆژە خۆڵبارین بوو بارق و هێزەکەی دەرسێکی وەهادران تاکو ساڵی ١٩٨٨ لەهیچ شوێنێکی شێخ بزێنی و تیپی ٢١ کەرکوک بەدیار نەکەوتنەوە .

رێز وسلاوم قبوڵ بکەن ...

**پێشمەرگەی پارتیزان**

**عمید تالیب فاروق ...شێخ بزێنی**

## هێرشی تورکیا بۆ سەر باشوری کوردستان دەستپێکرد!!!

لە 15 ئەم مانگەوە تورکیا هێرشی بۆ سەر لوتکەی کورەژارو لینك وگەلی رەشاڤەو ئاڤا مارك وبانی رینج وبراخە لەزنجیرە چیای مەتینا دەستپێکردووە، رۆژانە تۆپەکانی تورکیا بە چڕی ئەو ناوچەیە بۆردومان دەکەن ودرۆنەکانی ئەو وڵاتە بەئاستێکی ئێجگار نزم دەفڕن وناوچەکە کێومالٚ دەکەن وبەدوای سەنگەرەکانی گەریلاکانی پەکەکە دەگەڕێن، هێشتا هێرشی زەمینی دەستی پێ نەکردووە، هێزەکانی تورکیا دەیانەوێت بە تەنیا هێرشەکە بکەن، بەگوێرەی زانیاریەکانی خەڵکی ناوچەکەش، دیارە تا ئێستا پارتی بەمە رازی نەبووەو دەڵێن دەبێت هێزەکانی زێرەڤانی شان بەشانی هێزەکانی تورکیا لەو زنجیرە چیایانە دابنرێن، بۆیە رەنگ بێت یەکێك لە ئەگەرەکانی سەردانی شاندەکەی پارتی لەم چەند رۆژەی دوایی بۆ تورکیاو کۆبوونەوەیان لەگەڵ ئەردۆگان بۆ رێککەوتن لەسەر ئەو بابەتە بوو بێت، تورکیا بەناوی شەڕی پەکەکەوە دەیەوێت ئەو ناوچانە داگیر بکات وبنکەی سەربازی خۆی لێ دابنێت، وەك خەڵکی ناوچەکە دەڵێن پارتی داوای لە هێزەکانی پەکەکە کردووە ئەو ناوچانە بۆ ئەوان چۆڵ بکەن تاوەکو هێزەکانی زێرەڤانی لێ دابنێن، بەلام گەریلاکانی پەکەکە بەمە رازی نین وبە پلانی تورکیای تێدەگەن، هاوکات داوای لە خەڵکی ناوچەکە کردووە لە ناوچە سەربازیەکان نزیك نەبنەوە.

جێگەی داخە تورکیا توانیویەتی یەکرێزی کورد تێکبدات وهیچ متمانەیەك لەنێوان هێزە کوردیەکان نەهێڵێت.

بەگوێرەی ئەو دەستپێکە دەبێت چاوەڕوان بین لەچەند رۆژی ئایندە هێرشی زەمینی تورکیا بەشێوەیەکی فراوان وبەرنامە بۆ دارێژراو بۆسەر باشووری کوردستان دەست پێبکات، شایەنی ئاماژە بۆ کردنە تورکیا بەیانووی شەڕی پەکەکە دەیەوێت ناوچە ستراتیژی وگرنگەکانی باشووری کوردستان لەرووی سەربازیەوە داگیر بکات، تا ئێستاش لەرێگەی ئەو ئۆپەراسیۆنە سەربازیانەی ساڵانە دەیکاتە سەرهەرێم، توانیویەتی چەندین ناوچەی ستراتیژی وگرنگ داگیر بکات، دوای هەر داگیرکردنێکیش ئامێرەکانی سوپای تورکیا دەکەونە کار بۆ راکێشانی جادەی سەربازی ودروستکردنی قەڵاو بنکەی سەربازی، تورکیا لەو ناوچانەوە بەرەو دواخاڵی هەژموونی خۆی، کە دەکاتە زینی وەرتێ بەشێنەیی هەنگاو دەنێت، بۆئەوەی بە بیانووی دابڕینی هێزەکانی پەکەکە، ناوچەکانی خەتی برۆکسل، کە رێك دەکاتە سنوورەکانی نێوان تورکیاو ئێراق، بە قووڵایی 32 کیلۆمەتر داگیر بکات، وەك بەشێك لە دامەزراندنی پرۆژەی ناوچەیەکی ئارام، کە لەعەفرین وچیایی کرمانجان نزیك دەریای سپی ناوەڕاست دەستپێکردووە دەیەوێت بیگەیەنێتە دواخاڵی سنوورەکانی خۆی و کۆتا پێگەی هەژموونی خۆی لەباشووری کوردستان، جێگەی داخە لەو دۆخە هەستیارەدا خەڵکی کوردستان بەململانێیە ناوخۆییەکان خەریك کراوە، میدیاو راگەیاندنەکانی کوردی لەجیاتی ئەوەی خەڵك لەو مەترسیانەی داگیرکاری تورکیا ئاگادار بکەنەوە، کەوتوونەتە فریودان وبەلاڕێدانی بردنی خەڵك خەریك کردنی بەشتی لاوەکی وبێبایەخەوە!.




سایتی زەمەن

# چوارتاو شوێنەوارەکانی

## ڕەووف محەمەد ئالانی

شوێنەوارو پاشماوە بەجێماوەکانی کۆن کەجێ پەنجەی مرۆڤە پێشینەکانی پێوە دیارە، بوون بە بەشێکی گرنگی سامانی نەتەوەییو ئامرازو کەرەستەی ناساندنی مێژووی دوورو نزیکی گەلان، قەزای چوارتا یەکێکە لەو شوێنانەی کە چەندین شوێنەوارو پاشماوەی کۆنی لێیەو بوونە بەشێکی گرنگ لە مێژووی ئەوناوچەیە.

چوارتا بەدوری( 35) کیلۆمەتر کەوتۆتە باکوری شاری سلێمانیو لەسەر بەرزاییەك هەڵکەوتوە، لەم شارۆچکەیەدا ئەوەی سەرنجی مرۆڤ ڕایەکێشێ بوونی سورەچنارێکی گەورەیە، کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی (800) ساڵ لەمەوبەرو بۆتە ناسنامەی چوارتا، هەربۆیە شاروانی چوارتا گەڵای ئەو سورەچنارەی کردوە بە لۆگۆو ئارمی خۆی .
زۆر جار ڕوواندنی درەختێك یان دروستکردنی قەڵایەك یان نیگارێك، دەبێتە جێگەی سەرنجو تێبینی خەڵکی بۆ سەردەمەکانی دوای خۆی. وەك خەڵکی چوارتا باسی دەکەنو خۆیان شایەدی ئەوەن کە ساڵی (1981) تیمێکی زانستی ژاپۆنی سەردانی چوارتایان کردووە پارچەیەك لەم دارەیان بەمەبەستی لێکۆڵینەوە بریوە، دوای دووەمانگ بەخەڵکی چوارتایان وتووە (ئەم دارە تەمەنی 750)ساڵە، رووبەری بنکی دارەکە 12مەترو 37 سم دووجایەو لەسێ پەلی گەورە پێك هاتووە، لەساڵی (1987) ڕژێمی بەعس بەمەبەستی لەناوبردنی تەقاندییەوە، بەڵام دواتر لەنێو پاشماوەی سوتوی خۆیدا سەری هەڵدایەوە، وەك ئەوەی بەدوژمن بڵێت منیش کوردم و لە پێ ناکەوم، بەدرێژایی مێژووی دورو نزیك ئەم دارە یادگاری دڵدارانی چوارتای هەڵگرتووەو عاشقەکان بەپێت ناوی دڵدارەکانیان لەسەر هەڵکەندوە.
لەکۆندا ئەم سورەچنارە لانەی هەنگ بووە پورەیان لە نێو لقو قەدەکەیدا داوە، بەدرێژایی مێژوو شانەو بەرهەمی هەنگوینی نێو درەختەکە پارێزراوبووە بەهیچ شێوەیەك خەڵکی ناوچەکە لێی نزیك نەبونەتەوە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ بوونی مەزارگەی (پیراڵك)کە لە نزیك سورەچنارەکەدایەو مێژوەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ پێش هاتنی ئیسلام، بەگوێرەی وتەی مێژووناسان پیراڵك زەردەشتییەو لەلای خەڵکی چوارتا بەپیرۆز دانراوە... بەتەمەنەکانی چوارتا دەگێڕنەوە بەرهەمی هەنگوینی درەختەکە هێندە زۆربوە بە قەدی دارەکەوە چۆڕاوەتەوە .
لە بەرهەمێکی شیعریدا جەمال شارباژێڕی بۆ پیراڵك دەڵێت:

لەسەر( پیراڵك )ی نزرگەو نزار
باوەشێنم کا .. سێبەری خەستی
سمۆرەی سرکی زیتەڵەی سەردار
بهێنمە خوار بەخۆشەویستی
دڵنیای بکەم کە دڕندە نیم
زیانو زامو سزا بێ نیازم
بەڵکو دڵدارو زەدەی دیدەنیم
بۆهەمووگیانێ ، ژیان ئەخوازم

ئەم درەختە لەسەر سەرچاوەی کانییەکە، کە پێشتر کانی ژنان بووە دواتر بۆتە پرۆژەی ئاوی شارۆچکەی چوارتا، هەر جەمال شارباژێڕی شاعیر بەم جۆرە لە شیعرێکیدا وەصفی کانیەکەو سورەچنارەکە ئەکات و ئەڵێ:

سورە چناری سەرمایەو سایە
بازۆڵەی پتەو .. هەتا بتەوێ
سەدان لق لاقی لەقەدیدایە
قەت قۆڵو باڵی بالآی نانەوێ
سورەچناری پیرە کچی شەنگ
لە عەشق و عیشوەو نازی ناکەوێ
هەتا ساڵ بێتو ساڵ بڕوا ئاهەنگ
لەدەمو دیدەو دڵیا ناخەوێ
خۆی هەڵ کردووە پێی لەئاوایە






ئەمو ئەو ئەشوا بەم دەستو بەو دەست
وردو درشتی لەناو چاوایە
بەخەندەی لێویان دڵشادو سەرمەست
نهێنی هەمووکچێکی لایە
ئەوەندەی گوێ بۆ ڕاز شل کردوە
تاڵە مووی هەموو پرچێکی لایە
ئەوەندە دەستی لە مل کردوە

لەبەشی رۆژئاوای چنارە گەورەی چوارتاو بەدووری (200) مەترێك لە بن شاخی سەر قەڵآت، ئەشکەوتێکی بچوك هەیە بەناوی (مام سال) کە لە ناوی سالحەوە هاتوە، چونکە لەکۆندا صاڵح ناوێك ناو بەناو خۆی تیا حەشارداوە، دواتر خەڵکی ناوچەکە سودیان لێ وەرگرتوە، لەکاتی جەنگو بۆردوومانکردنی چوارتا، مێژووی ڕوداوو ناوانی ئەم ئەشکەوتە ئەگەڕێتەوە بۆ (300) ساڵێك لەمەوبەر ،بەهۆی دارمانی گابەردەکانیو ڕۆچونی بۆ خوارەوەو کەوتنی بەرد بەسەریا، ئەشکەوتەکە تەواو بچوك بۆتەوە .
لەبەشی باکوری رۆژئاوای شارۆچکەی چوارتا شاخێکی بەرز بۆتە شورایەکی بەهێز بۆچوارتا کە بە( شاخی قەلێ ) ناسراوە، وەك باسی دەکەن لەسەردەمە کۆنەکاندا هێلانەی قەل بووەو هەر بەناوی قەلەوە ناوزەد کراوە، ئەم شاخە بۆتە گەنجینەی بیرەوەریو مێژوویی بۆ خەڵکی ناوچەکەو چەند شوێنێکی گرنگی لێیە لەوانە(ئەشکەوتی قەلێ)، (بەردەبوکێ)، (بەردی قەلێ).
ئەم شوێنەوارانە لە ئەدەبیاتی شاعیراندا ڕەنگی داوەتەوەو شاعیر







(جەمال شارباژێڕی) لە باسی بەردەبوکێ دا ئەڵێ :
لەسای پەیکەری ئەسپی بێ زینی
سنگ پانی شاخی بەردی قەلێ دا
کەوا نیشانەی شێی نەبەزینی
هەڵگرتوە، وەك نەعرەتە لێدا
************

لە بەردی بوکێ گوێ بۆ چیرۆکی
پەنجەی خەناویو خوێناوی شل کەم
گوڵێك بوون زاوا دای لە بەرۆکی
بامنیش دەستی شیعری لە مل کەم

ئەوەی خەڵکی ناوچەکە لەبارەیەوە ئەیزانن دوو بۆچون هەیە بۆ بەردەبوکێ، کەهەردوو بۆچونەکە پەیوەستن بە سەردەمانی کۆنەوە، یەکەمیان؛ گرێدراوی چیرۆکێکی هاوسەرگیری لە کۆندا، کاتێك بوك دەهێنرێتە ناوچەکە ئەچێتە سەر ئەو بەردەو ئەلێ نایەمە خوار تا موڵکێکم لێ قەبوڵ نەکەن ، ئەوانیش موڵکەکە ئەکەن بەناوییەوە و پاشتر بەردەکە ناونراوە بەردە بۆکێ، بۆچونی دووەم ئەوەیە؛ لە کۆندا هاوسەرگیری زیاتر بەهۆی (ژن بەژن )ەوە بووە.
واتە: ئافرتێکیان بەخشیوەو ئافرەتێکی تریان پێدراوە، ئەو شوێنەی بۆتە ئاڵوگۆڕی بوکەکان نزیك ئەم بەردە بووە بۆیە پێیان وتوە بەردە بوکێ، ئەم بۆچونە بەهێزترە لەبەر ئەوەی لە زۆرشوێنی کوردستان بەردەبۆکێ بونی هەیە .
(بەردی قەلێ) یەکێکی ترە لەو شوێنە گرنگانەی کە لای خەڵکی چوارتا بە بایەخەوە سەیر ئەکرێتو لە بیرەوەریاندا ماوەتەوە، تەنانەت خەڵکی گوندەکانی دەوروبەری چوارتاش سودیان لەم بەردە وەرگرتوە، پێش ئەوەی کاتژمێر بێتە ئەم ناوچەیە، خەڵك بە دانانی هێمای دارو درەختو شاخو بەردو بە گوێرەی بەرکەوتنی روناکیو سێبەرو قەبارەی مانگو دیاردەی سروشت کاتەکانیان دیایکردوە، ئەو کەسانەی بەم کارە هەڵساون پێیان وتراوە (ئەستێرە ناس) لە ڕێگەی ئەزمونی خۆیانەوە کاتو وەرزییان دیاریکردوە، ئەم بەردی (قەلێیە) لەکۆندا بۆئەو مەبەستە بەکارهاتوە .
هەر بەشاخی قەلێوە، ئەشکەوتێك هەیە بۆتە جێگەی باسی خەڵکی چوارتاو زۆربەیان یادگاریان لەگەڵیدا هەیە، لەبەر سەختی شوێنەکەیی و جوڵەی گابەردەکانیو هەرەس هێنانی گڵو بەردو تێکچونی ڕێگا کۆنەکەی ئاسان نیە مرۆڤ بچێتە ناوی، بەڵام ئەم ئەشکەوتە پەناگەیەکی بەهێزی خەڵکی ناوچەکە بوەو لەکاتی جەنگ و ئاشوبدا پەنایان بۆ بردوە، لەسەردەمی عوسمانیەکانو حوکمرانی مەلیکیو سەردەمی بەعسی ڕوخاودا هەرکاتێك مەترسی لەسەر دانیشتوانی ناوچەکە دروست بوبێت ڕاستەوخۆ پەنایان بۆ ئەم ئەشکەوتە بردوەو خۆیان لەدەستی دوژمن پاراستوە.
هەرئەم ئەشکەوتە بۆتە پاراستنی نهێنی و ئەرشیفی شۆڕشگێڕانی شارۆچکەکە، کەسێکی خەڵکی چوارتا کەناوی (صدیق حاجی قادر)ە لە ساڵی (1948)بۆ ساڵی (1958)، واتە (10) ساڵ هەموو کتێبە سیاسییەکانی خۆی کە لەو سەردەمەدا یاساغ بون لەنێو ئەم ئەشکەوتەدا حەشاریداون وەك کتێبخانەیەك بەکاریهێناوە، سدیق حاجی قادر ئەندامی حزبی شیوعی بووەو بەهۆی چالاکیی سیاسییەوە بەردەوام مەترسی لەسەر خۆییو کەرەستەو دەستنوسو کتێبە سیاسییەکانی هەبوە.
بونی ئەم شوێنەوارە مێژووییانە، کەرەستەیەکی گرنگی شوناسی نەتەوەیینو پێویستە لایەنی پەیوەندیدار پارێزگارییان لێبکات و نۆژەنیان بکاتەوە، تاکو ئەم شوێنەوارانە بەزیندوویی گوزارشت لە مێژووی خۆیان بکەن، لەهەمانکاتدا دەتوانرێت بکرێنە هۆکارێکی گرنگی ڕاکێشانی گەشتیارو ئارەزومەندانی ناسینی شوێنەوارو مێژوی نەتەوەی کورد.

**سەرچاوەکان:**

1- ملوانکەی هەزار دەنکەی شارباژێڕ (جەمال شارباژێڕی)
2- ئاوێزان بوونی سروشت و مێژوو( ڕەووف محەمەد ئالانی)
3-خەڵکی بەتەمەن و شارەزای ناوچەکە

# حەسەن خەیری

حەسەن خەیری لەسالی ١٨٨١ لە گوندی کانی سپی سەر بەناحیەی هۆزاتی دێرسیم لەدایک بووە ، کوڕی مورتەزا ئاغای کانکوزادەیە کە بەشێکە لەعەشرەتی شێخ حەسەنلی و نەوەی پیرحسێنی سەرۆکی عەشرەتی کوردی مەلەکشایە . لەوبەڵگە نامانەی ناوی حەسەن خەیری تێدا هێنراوە ئەو قوتابخانە عەشایەریەیە کە لەسالی ١٨٩٢ لە ئەستەمبوڵ دامەزراوە کە تەمەنیان لە نێوان ١٣ تا ١٦ سالی بووە تۆماری ناوەکەی ژمارە ٥٢ لە عەشرەتی قەرەباڵی ناوچەی دێرسیم . سالی ١٨٩٨ دوای دەرچونی لە سوپای ئەسپ سوارەی کۆلێژی حەربی بەپلەی ملازم دامەزراوە .صەبری ئەفەندی ناوی دووەمی حەسەن خەیریە. حەسەن خەیری خاوەن کەسایەتیەکی کاریگەر بووە لەژیانی سیاسی کورد بەتایبەت لەخولی چوارەمی پەرلەمانی عوسمانی و خولی یەکەمی پەرلەمانی تورکیا .ئەو زانیاریانە لەنەوەیەکیەوە دەست کەوتوە بەناوی( سیرپل گونوش),تەنانەت باس لەوە دەکرێ کە هاوسەرەکەی پێی راگەیاندوە کە ئەتاتورک داوە بۆ تۆی داناوە خۆت دەزانی تورک چەندە فێڵبازو تەلەکە بازن بەلام بەگوێی نەکردوە. حەسەن خەیری ماوەیەک بەرپرسی دەستەی پارێزەرانی مستەفا ئەتاتورک بووە کە کچەکەی بەپێشمەرگە ناویان دەبات تەنانەت جارێک لەوجارانە پەلاماری ئەتاتورکی داوە خەریک بووە بیکوژێ لەناو پەرلەمان دا . زمانەکانی کوردی، فەرەنسی، عەرەبی و فارسی تورکی زانیوە .هەرتەنها حەسەن خەیری نەبووە کە بروسکەی بۆ کۆنگرەی لۆزانی ١٩٢٣ کردبێ بەلکو کەسێکی دیکەشی لەگەل بووە بەناوی (خالید زیاء بەگ) هەردوکیان لەگەل ئەوەبون کە کورد لەگەل تورک دا لە چوارچیوەی دەولەتێک دا بمێنێتەوە. هەروەک پێشتر ئاماژەی پێدرا کە زانی ئەتاتورک درۆی لەگەل کردووە لە بەلێنەکانی پاشگەز بۆتەوە بۆیەش هێرشی کردۆتە سەرو خەرێک بوە بیکوژێ ... بەلام تۆمەتی خیانەتکاریەکە زیاتر بەر حەسەن خەیری کەوتوە, بۆیە لەناو کورد دا بەخائین ناوی دەهێنرێ.

پێش واژوو کردنی پەیماننامەی لۆزانی سالی ١٩٢٣ دەولەتانی هاوپەیمان پرسیاریان لەنوێنەری ئەوکاتی تورک عیسمەت ئینۆنۆ کرد، چارەنوسی کورد چی دەبێ گەر پشتگیری کۆمارەکەتان بکرێ؟ئەو کات وسەردەمەش وەک ئێستا کورد زۆر لەووڵاتان لەسەری بەجواب بوون کە مافی چارەنوسیان هەبێ بەدامەزراندنی دەولەت،نوێنەرەکەی تورک عیسمەت ئینۆنۆ پەیوەندی بەسەرۆکی پەرلەمانی ئەوکات مستەفا ئەتاتورکی گۆڕبەگۆڕ کرد وئەویش هەستا بەپەیوەندی کردن بەکەسایەتیەکی کوردی ناسراو بەناوی حەسەن خەیری کەبەجلی کوردیەوە لەپەرلەمان ئامادەبێ، داوای لێکرا لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی بەڕاشکاوی بڵێ (من نوێنەری کوردانم ولەجیاتی ئەوان دەڵێم کورد بەشێکن لەگەلی تورک و پێمان خۆشەو باشە لەچوار چیوەی ئەو کۆمارە بمێنینەوە نەک جیابونەوە )دواتر هەموو قسەکانی بەوێنەوە کەبەجلی کوردی گرتبویان بەتەلەگراف ناردیان بۆ عیسمەت ئینۆنۆ وئەویش قسەکان ووێنەکەی پێشانی نوێنەری هاوپەیمانان دا.

دوای دامەزراندنی کۆمارە شومەکەیان داوایان لەحەسەن خەیری کرد لەپەرلەمان ئامادەبێ ولەوێ دەستبەجێ دەستگیریان کردو ڕاپێچی دادگایان کرد وتاوانی ئامادەبون لەپەرلەمانی تورکیایان دایە پاڵ بەجلی کوردیەوە کە ئەوە پێچەوانەی دەستوری کۆمارە وبۆیە بریاری لەسێدارە دانی بەسەردا سەپێنرا، پێش لەسێدارە دانی لێیان پرسی چ داواکاریەکت هەیە،لەوەڵام دا گوتی با قەبرەکەم لەشوێنێک بێ کەزۆرترین کوردی پێدا گوزەر دەکات بۆئەوەی هەرجارێک گۆڕەکەیمان دی تفی لێبکەن لەپاداشتی خیانەتەکەم.... د.شڤان پەروەر ووتی

من لەپشت پەشیمانی و وەسێتەکەیەوە وەسێتی دەشکێنم و تفی لێ ناکەم ڕێزی دەگرم چونکە دانی بەهەڵەی خۆیدا ناوەو وانەیەکە بۆ پشتاو پشتم .ئایا ئێستا وولاتمان پڕ لەحەسەن خەیریەکان نییە؟ باکورد ئەم خائینەی بیرکەوێتەوە. ئایا مێژوو دووبارە دەبێتەوە؟ حەسەن خەیری باکور جارێکی لەباشور دوبارە نابێتەوە؟

**عوسمان عومەر**



## ئەرگەنەکۆن (تۆمەت)

ئەرگەنەکۆن ئەو ناوەیە نراوە لە دامەزراوەیەکی شاراوە، سێکولاری تەواو-نەتەوەپەرست لە تورکیا کە ئەکرێ پەیوەندیان هەبووبێ بە ئەندامانی سوپا و هێزەکانی ئاسایشی تورکیاوە. ئەو گروپەی گوایە دروست ببوایە، ناوەکەی لە ئەرگەنەکۆنەوە هاتوە، کە جێگایەکی خەیاڵیە لە دۆڵە سەختەکانی چیاکانی ئاڵتای، وە تۆمەتباربوون بە تیرۆریزم لە تورکیا. هەندێکیش باوەڕیان وایە دامەزراوەی ئەرگەنەکۆن خۆی بەشێک بێ لە دەوڵەتی قوڵ. بۆخۆی هەبوونی دەوڵەتێکی قوڵ پشتڕاستکرایەوە لەلایەن ڕای گشتی تورکەکانەوە لەدوای ئابڕوچوونەکانی سوسورلکەوە لە 1996دا. ئەندامانی تۆمەتبار لە دادگا تۆمەتی پلاندانان و نانەوەی ئاژاوە، جگە لە شتانی تریش بە ئیختیالکردنی ڕۆشنبیران، سیاسەتمەداران، دادوەران، ئەندامانی سوپا و هەروەها پیاوانی ئاینی بە ئامانجی سەرەکی ڕووخاندنی حکومەتی کاربەدەست.



# ئەوفاشیستانەی ئێستە پەلاماری قەندیلیان داوە، هەمان ئەو فاشیستانەن کە پەلاماری دێرسیم یان دابوو !

## لە کتێبی بیرەوەرییەکانی مووسا عەنتەرەوە مێژوومان بۆ دەگێڕێتەوە


ڕۆژێک لە کامپەکەمان لەژێر سێبەری دارێک پشوومان دابوو، سەجادەدین ناوێکی ئەفسەری پلە یەکی یەکەکەی ئێمە، بە هەوەسێکی زۆرەوە باسی یادگارییەکانی خۆی لە ئۆپەراسیۆنەکانی سەر دێرسیم دەکرد.

لە ناو ئەو چەندان ڕووداوەی گێڕایەوە دەمەوێ یەک دوو دانەی بۆ ئێوەش باس بکەم. " لە دێرسیم هەنگاوێکی گەورەی لەناوبردنمان دەستپێکردبوو، لە یەکێک لە ئەشکەوتەکان خێزانێکمان دۆزییەوە لە باپیرێک و دایک و باوکێک و منداڵێکی چوار پێنج ساڵان پێکهاتبوون، گەورەکانیانمان لەوێ دا بەر ڕم و نێزە و هەر لەوێ تەواومان کردن. منداڵەکەشمان هێشتەوە بەڵکو زانیارییەکی لێ دەربهێنین، چونکە نەمان دەتوانی هیچ شتێک لە گەورەکانی دێرسیم وەربگرین، ئەمەش وای دەکرد دوای دۆزینەوەیان ڕاستەوخۆ سەریان ببەڕێنین، چونکە دەمان زانی هیچ شتێک ئاشکرا ناکەن. سەرەتا بۆ ئەوەی منداڵەکە نەترسێ، کاتێک دایک و باوک و باپیریمان سەربڕی ئەومان بردە لایەکی دیکە، هەوڵێشمان دەدا ببینە برادەری منداڵەکە، نانمان دەدایێ، شەکرۆکەمان دەدایێ، بەڵام ئەو هیچی لێ وەر نەدەگرتین. ماوەیەک بەسەر چوو، نازانم چ کاتێک بوو، بەڵام لەو سەر و بەندە فرۆکەیەکی سەربازی خۆمان بەسەرماندا تێ پەڕی، لە پڕ ئەو منداڵەی کە خۆی گرمۆڵە کردبۆوە هیچی نەدەخوارد، هەر کە فڕۆکەکەی بینی دەستی دایە پارچە دارێک و وەک چەک نیشانەی لە فڕۆکەکەمان گرت، کە ئەو دیمەنەم بینی زۆر تووڕە بووم و فەرمانم دەرکرد ئەو بێژییەش لە ناو ببەن، سەربازەکانیش بە پیل ڕاکێشان منداڵەکەیان بردە سەر شاخێک و لەوێوە فڕێ یاندا خوارەوە".

لاپەڕە: 70

پرسیار:

*ڕەفتاری فاشستیانە و بەربەریانەی سپای تورک هەتا ئێستە وەک خۆیەتی هەڵوێستی مەردانەی پیرەمێرد و دایک و باوک و منالانی کوردی ئەوساو، هەڵوێستی کەواسورەکانی پێش لەشکری سپای داگیری تورک بەراورد بکەن !!




# عێراق وەڵامی ئەردۆغانی دایەوە

وەزارەتی دەرەوەی عێراق وەڵامی لێدوانەکانی ئەردۆغانی دایەوە و ڕەتیکردەوە، ئۆپەراسیۆنی سەربازی تورکیا لە خاکی هەرێمی کوردستان، بە هەماهەنگی و ئاگاداری حکومەتی ناوەندی کرابێت.

ئەحمەد سەحاف، وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی عێراق ڕاگەیاند: وەزارەتەکەیان ئۆپەراسیۆنی سەربازی تورکیا بە پێشێلکردنی زەقی سەروەری خاکی عێراق دادەنێت و هەڕەشە لەسەر یەکپارچەیی خاکی عێراق دەکات و زیانیش بە هاوڵاتی سڤیل دەگەیەنێت.

وەزارەتی دەرەوەی عێراق قسەکانی سەرۆکی تورکیاشی ڕەتکردەوە، کە باسی لە هاوکاری و هەماهەنگی نێوان ئەنقەرە و بەغدای کردوە بۆ دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکە.

ئاماژەی بەوەشداوە، ڕێککەوتنێک لە نێوان تورکیا و یەکەکە هەیە بۆ ئەوەی چەکدارانی یەکەکە بێنە نێو خاکی عێراق و ئەمەش ببێتە بیانوویەک بۆ ئەوەی سوپای تورکیا درێژە بە پێشێلکردنی سەروەری خاکی عێراق بدات.

لە 17ی نیسانەوە، تورکیا دەستی بە لەشکرکێشی دژی یەکەکە کردووە لە ناو خاکی هەرێمی کوردستان، 19ی نیسان، وەزارەتی دەرەوەی عێراق باڵیۆزی تورکیای بانگهێشت کردو یاداشتی ناڕەزایی پێدا.

دوێنێ چوارشەممە، ئەردۆغان لە وتارێکدا ڕایگەیاند: هاوئاهەنگیمان لەگەڵ حکومەتی عێراقیدا هەیە بۆ بەڕێوەچوونی ئۆپەراسیۆنەکەمان. وتیشی: چاومان لە خاکی هیچ وڵاتێک نییە، بەڵام دەمانەوێت ئاسایش بەرقەرار بکەین.

سایتی زەمەن



# جارێکی تر چنگو پەنجەکانی تورکیا لەسەر جەستەی هەرێمی کوردستانە

## شارپرێس:

ئۆپەراسیۆنەکانی پەنجە یان چنگ، ئەو ناوەیە کە هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان ئاشنایەتییان پێی هەیەو هەر چەند مانگ جارێک بینەری ئەو چنگو پەنجانەن بەجەستەی نیشتمانەکەیانەوە. سوپای تورکیا ئەو سوپایەیە کە بەردەوام بەپەنجەو چنگەکانی جەستەی هەرێمی کوردستانو خاکی کوردستان دەرنێتو لەهەوڵی هەڵوەشاندنی جەستەی ماندوی کوردستاندایە. ئۆپراسیۆنەکانی پەنجە کە بەئۆپەراسیۆنەکانی چنگیش ناویان دەبرێت، درێژەی جموجۆڵە سەربازیەکانی سوپای تورکیان لەناو خاکی هەرێمی کوردستان دژ بەچەکدارانی پەکەکە.

لەماوەی ساڵانی ڕابردودا چەند ئۆپەراسیۆنێک بەو ناوەوەو بەچەند قۆناغێک ئەنجامدراوەو هەمویان لەنێو خاکی هەرێمی کوردستانو بەبیانوی هەبونی گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان ئەنجامدراون، بەڵام چاودێران بۆچوونیان وایە بەشێکی زۆر لەنیەتو خواستی پشت ئۆپەراسیۆنەکان داگیرکاری خاکی کوردستانو لەشکرکێشی زیاترە بۆ قوڵایی خاکی هەرێم.

لەم راپۆرتەدا باس لەبەشێکی ئەو ئۆپەراسیۆنانە دەکەین کە بەئۆپەراسیۆنەکانی چنگو پەنجە ناسراونو سوپای تورکیا بۆ یەکەمجار لەم ئۆپەراسیۆنانەدا چەکی بالیستی بەکارهێناوە دژی گەریلاکانی پەکەکە.

ئۆپەراسیۆنی پەنجەی یەک لە28ی مایسی 2019 دەستیپێکردو ئۆپەراسیۆنی چنگو پەنجەی دوو لە13ی تەمموزی هەمان ساڵ درێژەی پێدرا. لەدوای ئەوانو لە13ی مایسی ساڵی 2020 ئۆپەراسیۆنی چنگی پەنجەی سێ دەستیپێکردو تێیدا سوپای تورکیا بێرەحمانەو بەچەکی کۆکوژو بالسیتیو سوپایەکی زۆرەوە هاتە نێو قوڵایی خاکی هەرێمو ژمارەیەک لەگوندەکانی سنوری هرورێی داگیرکرد.

ئۆپەراسیۆنی پەنچەی هەڵۆ درێژەپێدەری پەنجەی سێ بوو کە لە15ی حوزەیرانی 2020 ئەنجامدراو جارێکی تر لەشکرکیشییەکی بەرفراوان کرایەسەر ژمارەیەک گوندی هەرێمی کوردستانو بەشێک لەدارستانەکانی سنورەکە سوتێنران.

پەنچەی پڵنگ ناوی ئەو ئۆپەراسیۆنەبوو کە لە11ی ئابی هەمان ساڵ دەستیپێکردو  لە10ی شوباتی ساڵی دواتریش واتە ساڵی 2021 بەهەمان ناوەوە جارێکی تر سوپای تورکیا هێرشیکردوەتەسەر گەریلاکانی پەکەکەو خاکی هەرێم.

جارێکی ترو بەناوی ئۆپەراسیۆنی چنگو پەنچەی بروسکەوە لە24 نیسانی هەمان ساڵ دیسانەوە گوندەکانی سنورەکە کەوتنەوەبەر لەشکرکێشیو بۆردومانی چڕی سوپای تورکیاو ژمارەیەکی زۆر لەگوندنشینان ناچار بەجێهێشتنی ماڵو حاڵیان بوونو گوندەکانیان چۆڵکرد.

ئێستاو لەچەند ڕۆژی ڕابردودا سوپای تورکیا ئۆپەراسیۆنێکی نوێی دەستپێکردوەو بەرەبەیانی ڕۆژی دووشەممە 18ی نیسان وەزارەتی بەرگری تورکیا بەفەرمی دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنەکەی بەناوی ئۆپەراسیۆنی چنگ یان پەنجەی قوفڵەوە ڕاگەیاندو بەپێی پێناسەی ئۆپەراسیۆنەکەو لێکدانەوەی ناوەکەی سوپای تورکیا مەبەستیەتی لەم ئۆپەراسیۆنەدا لەشکرکێشییەکی گەورە بکاتەسەر خاکی هەرێمو بەشێک لەخاکی هەرێم داگیربکات.
بەپێی لێدوانە سەرەتایەکانی خوڵوسی ئاکار وەزیری بەرگری تورکیا جموجۆڵی سوپای تورکیا لەسەر سنورەکانی نێوان تورکیا عێراق، بەدیاریکراوی ناوچەکانی (مەتینان، زاپ، ئاڤاشین- باسیان) بۆسەر بنکەکانی پەکەکە دەستیان پێکردوە. هەر لەچوارچێوەی لێدوانەکانی ئاکاردا هاتووە، کە تورکیا ئامانجی لەئەنجامدانی ئۆپراسیۆنەکەی بۆ ئەو ناوچانە تەنها لەناوبردنی پەکەکە نییە، بەڵکو دەستبەسەرداگرتنیشە.
بەپێی ڕونکردنەوەکانی وەزارەتی بەرگری تورکیا ئەم ئۆپراسیۆنە بەبەشداری یەکینەکانی هێزە تایبەتیەکان بەناوی کۆماندۆکانی (بۆردۆ بارەلی) کە ئەم هێزانە هێزی فیدای سوێندخواردون بەسوێندی وەفاو گیانفیدایی بۆ تورکیا ئەنجامدەدرێت.

ئەم ئۆپراسیۆنەی تورکیا چەند ڕەهەندێکی لەڕووی سیاسیو سەربازییو کاتەکەیەوە هەیە بۆ تورکیا.
یەکەمیان دواخستنی ئۆپراسیۆنەکەیە، کە بڕیاربوو لە15ی مارسدا ئەنجامبدرێت، بەپێچەوانەوە بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو ئۆپەراسیۆنەکە کەوتە نیوەی دوەمی مانگی نیسانو کە لەهەمانکاتدا نیوەی دوەمی مانگی ڕەمەزانەو لەوەو پێش هەرچەند چاودێرانو سەرچاوە هەواڵیەکان باسیان لەئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنەکە دەکرد، بەڵام نە وەزارەتی بەرگری تورکیاو نە وەزیرەکەشی بەوشەیەکیش ئاماژەیان بەئەنجامدانی ئۆپراسیۆنێکی لەمشێوەیە نەدابوو.



بۆ ئەنجامدانی ئەم ئۆپەراسیۆنانە بەفەرمی تورکیا هیچ لێدوانێکی نەداوە کە ئاخۆ پرسو هەماهەنگی لەگەڵ دەوڵەتی عێراق هەیە یان نا، بەڵام لەڕاگەیەنراوی وەزارەتی بەرگری تورکیادا ئاماژە بەوەکراوە، ئۆپەراسیۆنەکە بەهەماهەنگی وەک خۆیان ڕایانگەیاندوە، دۆستەکانیان بوە لەباکوری عێراق کە مەبەست لێی هەرێمی کوردستانو باشوری کوردستانەو تائێستاش هەم حکومەتی عیراقو هەمیش حکومەتی هەرێمو هێزە سیاسیەکانیش لەو هەڵوێستەی تورکیا بێدەنگن.

ئەردۆغانو ئاکارو سۆیلو، سێکوچکەی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی تورکیا، لەپلانی ئەمجارەیان بەشداریان بەئۆپۆزسیۆنیش کردوە. بەپێی ئەو هەواڵانەی لەمیدیا فەرمیو نافەرمیەکانی تورکیا بڵاوکراونەتەوە، ئەمجارە حکومەت بۆ ئەنجامدانی ئۆپراسیۆنی سەر پەکەکە، پرسی بەکەمال کڵچدار ئۆغڵو سەرۆکی پارتی جەهەپەو مەراڵ ئاکشەنەری سەرۆکی ئی پارتیو چەند پارتێکی تریش کردوە، لەنیوە شەوی 16 لەسەر17ی ئەم مانگەدا بەتێکڕا ئۆکەیان بۆ خوڵوسی ئاکارکرد بۆ دەسپێکردنی ئۆپەراسیۆنەکە.

خاڵکی ترو لەهەمووشیان گرنگتر پرسی نزیکبوونەوەی هەڵبژاردنە کە پرسێکی گەرمی ناوەندە سیاسیو ڕاگەیاندنەکانی تورکیایەو بێگومان کاریگەری سەرەکی لەئەنجامدانی هەرجوڵەیێکی سیاسیو سەربازی لەئێستادا لەتورکیا هەیە.

ئاکپارتی بڕوای وایە چەند پەکەکە لاوازبێ، ئەوەندە زەمینەی بردنەوەی لەهەڵبژاردنەکان بۆ فەراهەم دەبێ. چونکە پەکەکەیەکی لاواز لەڕووی هێزی چەکداریەوە یەکسانە بەهەدەپەیەکی لاواز لەڕووی ڕێکخستنی جەماوەریەوە.

چاودێرانی سیاسی لەتورکیا دەڵێن ئۆپۆاسیۆنی (پەنچە-کلیت) کە درێژەدەری زنجیرە ئۆپراسیۆنەکانی ئەم چەند ساڵەی دواییە لەژێر ناوی (پەنچە)و هەر ئۆپراسیۆنێکیش پاشگرێکی پێوەدەکەن هێشتا لەسەرەتادایە. بەو هۆیەشەوە بۆ ئەوەی لێکدانەوەو هەڵسەنگاندنی بابەتیانەی بۆ بکرێت پێویستە چاوەڕوانی دەرئەنجامەکانی بینو لەدوو ڕۆژی داهاتوودا کاردانەوەکان دەبینین.

بەڵام هەموو ئاماژەکان دەچنەوەسەر ئەوەی کە ئەم جوڵە سەربازیەی تورکیا سەری ئەو هەوڵانەی دەخوا کە بەناوی پاراستنی ئاشتیو چارەسەری قەیرانی ئۆکرانیا لەچوارچێوەی هاوپەیمانی ناتۆ دەیدات.

# میساقی میللی لە نێوان خەیاڵ و واقیعدا

بەر لە ڕوخانی دەوڵەتی عوسمانی و نەمانی خەلافەت عوسمانییەکان پڕۆژەیەکیان بەناوی میساقی میللی ئامادە کرد و ساڵی ١٩٢٠ پەسەندکرا. بەپێی نەخشەکە بێت تورکیا خۆی بۆ داگیرکردنەوەی ویلایەتی موسڵ ئامادە دەکات کە سلێمانی و ناوچەکانی دیکەیشی لەسەرە، چونکە لە کۆندا سلێمانی و بەشێکی دیکە لەناوچەکانی هەرێمی کوردستان سەر بە ویلایەتی موسڵ بون. میساقی میلی پێک دێت لە چەند بڕگەیەکی جیاواز کە لە بڕگەیەکیاندا دەڵێت: ویلایەتی موسڵ بەشێکە دانابڕێت لە تورکیای دایک. واتە بێ قەید و شەرت تورکیا موسڵ بەهی خۆی دەزانێت.

تورکەکان خۆیان بە مەغدور ئەزانن و پێیان وایە کە لە پەیمانی لۆزاندا غەدریان لێکراوە، بۆیە ئەیانەوێت هەرچۆن بێت حەقی خۆیان وەربگرنەوە. لە ساڵی ١٩٢١ کاتێک کەمال ئەتاتورک وردە وردە جڵەوی دەسەڵاتی گرتە دەست و بەتەواوی خەلیفەی بێکاریگەر کرد و خستیە کەنارەوە، ( عەلی شەفیق)، ناسراو بە ئۆزدمیر لەلایەن ئەتاتورکە کرا بە بەرپرسی مەلەفی موسڵ، ئەتاتورک دەسەڵاتی تەواوەتی پێدابوو کە بەهەر جۆرێک بێت ئەبێ ڕێگری بکات لە لکاندنی موسڵ بە عێراقی عەرەبییەوە.

لە پاش هەوڵ و ماندوو بونێکی زۆری ئۆزدمیر کە توانی پەیوەندییەکانی نێوان شێخ محموود لەگەڵ ئینگلیز بپچڕێنێت بەو بەڵێنەی کە بەشێخی دابوو. بەڵێنەکەش ئەوەبوو کە هەرکات تورکیا موسڵی خستەوە سەر خاکی خۆی ئەوا شێخ محموود ئەکات بە سەرۆکی ویلایەتەکەو سەربەخۆییەکی پێ ئەدات بەڵام لە ژێر سەرپەرەشتی تورکیادا. بەڵام بەریتانیەکان بە ڕێککەوتنێک تورکیایان کشاندەوە دواوە ئەوەش بە پێدانی بەشێک لە داهاتی نەوتی موسڵ بە تورکەکان بۆ چەند ساڵێک.

پرسیارەکە لێرەدایە ئایا دوای ساڵی ٢٠٢٣ کە تێپەڕینی سەد ساڵ ئەکات بەسەر پەیمانی لۆزاندا تورکیا دەتوانێت موسڵ کۆنترۆڵ بکاتەوەو سنورەکانی فراوان بکاتەوە یان نا؟

بەربەستەکانی بەردەم تورکیا چین و گەورەترین بەربەست چیە؟

ئەشێت کە داگیرکردنەوەی موسڵ خەیاڵێک بێت کە هەرگیز بۆ تورکیا بەدی نەیەت بەچەند هۆکارێک.

١- هێنانە پێشەوەی مستەفا کازمی لە عێراق و پاڵپشتیکردنی کازمی لە بەهێزکردنەوەی عێراقدا لە لایەن ئەمریکاوە بۆ بەهێزکردنەوەی عێراق، بەربەستێکی بەهێزە بۆ تورکیا. وەک دیارە کە کازمی دەیەوێت سنورەکانی کوردستان بگەڕێنێتەوە سەر حکومەتی ناوەند و ڕاستەوخۆ لە ژێر سەرپەرەشتی عێراقدا بن. بە ئەگەرێکی زۆر ئەو کارە بە پاڵپشتی ئەمریکای ئێستا و بەریتانیای جاران جێ بەجێ ئەکرێت و بەربەستێکی بەهێز ئەبێت بۆ تورکیا.

٢- وەک مارکس ئەڵێت: مێژوو لە زۆر کاتدا بە شکڵێکی هەزەلی دوبارە ئەبێتەوە. ڕەنگە چۆن تورکەکان لە ڕابردوودا لە ڕێگەی ئۆزدمیرەوە بەڵێنیان بە شێخ محموود دا کە ویلایەتی موسڵی تسلیم بکەن، دیسانیش بەڵێنێکی لەو جۆرەیان بە سەرکردەیەکی کوردستان دابێت کە ئەگەر بێت و هاوکارییان بکات لە تێکشکاندنی پەکەکەدا کوردستانی تورکیا و عێراق و موسڵیشی بخەنە ژێر دەستەوە، ئەمە ئەگەرێکەو ئەشێت کە ڕوویشی دابێت.

٣- پارتی کرێکارانی کوردستان، بونی پەکەکە لە قەندیل بەربەستێکی دیکەی بەردەم تورکیایە چونکە پەکەکە هێزێکی تەواو ئامادەباشە بۆ بەرپەچدانەوەی هەر هێزێک کە بیەوێت کوردستان داگیر بکات، ڕەنگە بەشێک لە بیرمەندانی کورد پێیان وابێت کە پێویستە پەکەکە چالاکیەکانی بباتە تورکیا، بەندە پێم وایە کە پەکەکەش خۆی دانابێت بۆ ئەوکاتەی کە تورکیا دەیەوێت بەهێز موسڵ داگیربکات، ئیدی ئەوکات بەڕێوەبردنی چالاکی ئاسانتر ئەبێت بۆ پەکەکە، بە ئەگەرێکی زۆریش سنوری کوردستانی باکور ئازاد ئەبێت لە حاڵەتی دەستدرێژییەکانی تورکیادا بۆ سەر عێراق.





٤- بوونی یەپەگە لە کوردستانی سوریا دەکرێت ببێتە بەربەستێکی دیکە لە بەردەم بەدیهێنانی خواستەکانی تورکیادا بۆ بەدەستهێنانی موسڵ، چونکە تورکیا ناتوانێت بەبێ هاوپەیمانێکی بەهێز شەڕی ئەو هەمووە بەرەیە بکات. ئەشێت بەهەمان شێوەی ڕابردوو ڕوسیا ببێتەوە بە پاڵپشتی تورکیا بەڵام ئەمریکاش لەو کاتەدا دەستەوستان نابێت.

بە ئەگەرێکی زۆر و هەبوونی دەیان ڕێگری تر تورکیا ناتوانێت ئامانجە لە مێژینەکەی بەدی بهێنێت، بەشێک لە نوسەرانی کورد زیادەڕەوی ئەکەن لە تۆقاندنی کوردەکان و فیلاندنی تورکیادا، میساقی میللی ئەوەندە ئاسان نیە گەر کوردەکان هاوبڕیار بن، ئێستاش ئاستی ڕۆشنبیری تاکی کوردیش زۆر زیاترە لە ڕابردوو، ئێستا حیزب و بنەماڵە ئەو ڕۆڵەی ڕابردوویان نیە و پەکەکەش توانیویەتی بکشێتە ناو هەموو بەشەکانی کوردستان و بۆ حاڵەتێکی گرنگ ڕەنگە ئامادەباشی تەواو کرابێت.

ئەکرێت بڵێین کە بەجێ هێنانی نەخشەکەی تورکیا زیاتر خەیاڵە تا واقیع، ڕاستە کارتێکر گرنگە بەدەست تورکیاوە. لەهەموو حاڵەتێکدا ئەبێ کورد زۆر وریا بێت کە نەکرێتەوە بە قوربانی ڕێککەوتنێکی دیکەی تورکیا و ئەمریکا، گەر کورد بە لێزانی مامەڵە بکات ڕەنگە تورکیا سنورەکانی بچووک تر ببنەوە نەک فراوانتر لەوەی ئێستا.

ئەمیر والی سایتی ئاوێنە

# دەردی نۆکەریی

دوکتۆر حوسێن موحەممەد عەزیز
نووسەر و مامۆستای زانکۆ

(هەژاری موکوریانیی)، لە پێشەکی وەرگێرانەکەی (شەرەفنامە)دا، نموونەیەکی جوانی، لەسەر دەردی نۆکەریی کورد هێناوەتەوە و نووسیوێتی: (جارێک حەمەدئاغا ناوێکی موکوریانیی، بە نۆکەرێکی پیر و زوهانی خۆی دەڵێ: ڕیشت سپییە و پێم شەرمە، لە پاشخانە بەرماوەی من بخۆی، لە دیوەخان دانیشە، با لەگەڵ مندا سینیت بۆ بێنن.

مام خدری نۆکەریش دەڵێ: ئاغا " 16 " تەنەکە ڕۆنت پێشکەشدەکەم، ژیانی چەن ساڵەم مەگۆڕە. دەنا ناچاردەبم، باربکەم و دەچم، لە پاشخانەی ئاغایەکی دیکە دەژیم. تازە بە سەری پیریی، دەستم لە بەرماوەخواردن پێ هەڵناگیرێ!)

پاشان نووسیوێتی: (ئەم چیرۆکە، چیرۆکی هەموو کوردێکە، تا بیری نۆکەریی و بەرماوەخواردن نەگۆڕێ، نابینە دیوەخاننشین و تا دەشگۆڕێ، زۆر کارێکی چەتوونە.) *

بە داخەوە، لە ڕۆژگاری کۆندا، بە دەیانی وەک (مەلائیدریسی بەدلیسیی، کەریم خانی زەند، مەلای خەتێ ...)مان هەبوون، چەندین هەلی مێژوویيان بۆ هەڵکەوتووە، خۆیان فەرمانڕەوایی نێوچە و میرنشینەکانی خۆیان بکەن، بەڵام چونکە بە شیری کۆیلەیەتی پەروەردەکرابوون، ڕەتیانکردووەتەوە و کرنووشیان، بۆ سوڵتانەکانی توورکە عوسمانییەکان و شاکانی ئێران بردووە، ئەمەیە چیرۆکی چڵکاوخۆریی و نۆکەریی کورد!

لە مێژووی هاوچەرخیشماندا، گەلێ خوێندەواری ڕووناکبیر و پێشکەتوخوازمان هەبووە و هەیە، ڕۆڵەکانی کوردیان لە خشتەبردووە، بە ناوی برایەتی نەتەوەی کوردی داگیرکراو و نەتەوە سەردەسەکانی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی (کوردستان)ەوە، دژایەتی یەکدیان کردووە و هەلە مێژووییەکانیان، لەکیس کورد داوە.

لە هەمان کاتیشدا، لەشکرێکی نەخوێندەواری نەزانی خۆفرۆشی مێگەل ئاسایان، لە کوردە ساویلکەکان پێکهێناوە و لە چوارچێوەی پارتێکی ڕامیارییدا، هەم دژی یەکدی جەنگاون و خوێنی یەکدیان ڕشتووە، هەم وەک نۆکەرێکی سووک و چرووکی دەوڵەتە داگیرکەرەکان، پێش سوپاکانیان کەوتوون و زۆر بێشەرمانە، پەلاماری ڕۆڵە نیشتمانپەروەر و کوردپەروەرەکانیان داوە. لە ئەنجامیشدا، کارێکی وایان کردووە، مرۆی کوردی نیشتمانپەروەر و خاوێن، قێزی لە کوردبوونی خۆی و بیری پیرۆزی کوردایەتی کردووەتەوە!

ئەم دەرکەوتە قێزەونە، لە بەرەبەیانی مێژووەوە تا ئەوڕۆ، هەر بەردەوامە، بۆیە نەتەوەی کورد، بە هیچ نەبووە، تا لەسەر ئەم کارەش بەردەوامبێ، هەرگیز بە هیچ نابێ. هەڵوێست و کردەوەکانی سەرکردایەتی پارتەکانی ئەوڕۆش، وەک مشتێ نموونەی، خەرواره مێژووییەکەی دوێنێیە!

2022. 4. 22

* میرشەرەفخانی بدلیسی، شەرەفنامە، وەرگێڕانی هەژاری موکوریانی، چاپی 3، هەولیر، 2006، ل 40-41.



## خەزان

لێم مەپرسە بۆچی مات و پەشێو و سەرگەردانم
لە ناخمدا من خەریکی قووڕی حەسرەت پێوانم
ئولفەتم بە خەم گرتووە دوور لە خۆشی ژیانم
بڕوا ناکەم تیشکی هیوا گەرم کاتەوە گیانم
تەمەن ڕۆیی جا هەستم کرد تاريك بوو بەرچاوانم
مەرگەساتیش دوورلە باڵات باخی خۆزگەی وەرانم
ڕۆشتنی تۆ بوو بە ئاگر جەرگ و دڵی سووتانم
ئاخر گوڵم چاکت نەکرد تۆ بەم دەردەت گەیانم
لە بێ دەنگی من مەپرسە ، کە زۆر بێ دەرەتانم
تازە هەرچی بوو بە سەرچوو بەهاری حەزەکانم *

*ئەم شیعرە لە دیوانی(غوربەت)ی چاپی2020/ وەرگیراوە
حسێن بەفرین



# خۆدزینەوە لە داستانە گەورەکە

## مەجید سالّح




زۆرجار کە بیر لەو وتەیەکی ئەحمەد داود ئۆغلۆی سەرۆک وەزیرانی پێشووی تورکیا دەکەمەوە کە دەڵێ: (کۆمەڵگای کوردی هاوشێوەی ئەفغانییەکان دابەشبونێکی مایکرۆ - نەژادییان تێدایە، رەگەزەکانی ململانێی گروپە سیاسییەکانی کورد کە دەرهاویشتەی کولتوری خێڵن، بەردەوام لە بازنەیەکی بۆشی یەکتر لاوازکردندا دەژین.. ئەوکاتەی ئەم گروپانە لەو حەقیقەتە تێ ناگەن، سەرکەوتنە کاتییەکانی خۆیان وەک بەڵگەیەک بۆ سەرکەوتنی تەواوەتی لێکدەدەنەوە....)، دەگەمە ئەو باوەڕەی کە داگیرکەرانی کوردستان باش لە سایکۆلۆژییەتی ئێمە تێگەیشتوون بۆیە وا هەمیشە بەسەرماندا زاڵ دەبن و بەژێردەستەیی دەمانهێڵنەوە و بەگژ یەکماندا دەدەن.

شەڕی کوڕێ، کە ئێستا بوەتە بنێشتە خۆشەی دەمی کادیرەکانی یەکێتی و پارتی و خەریکە لەسەر ئەوەی کێ کردی، شەڕێکی ناوخۆی خوێناوی دیکە هەڵدەگیرسێنن، بە پێی وتەکەی داود ئۆغلۆ بێت ئەو شەڕە هیچ نییە جگە لە سەرکەوتنێکی کاتی و بچوک لە ناوچەیەکی بێ ئەهمیەت، لە زەمەنی شکستێکی گەورەی مێژوویی (شکستی راپەڕین و کۆڕەو) کە کەس خۆی ناکاتە خاوەنی...

گریمان ئەو شەڕە وەرچەرخانێکی مێژوویی گەورەی لە کۆمەڵگای کوردیدا دروست کرد و ئەو شەڕە نەبوایە حکومەتی هەرێم دانەدەمەزرا، با وای دانێن لەو شەڕەدا تەنیا پارتییەکان بەشدار بوون، یان بەس یەکێتیەکان داستانەکەیان تۆمار کردوە... !!

ئایا ئەوانەی کە خۆیان بە خاوەنی ئەو داستان و سەرکەوتنە دەزانن، ئێستا ئاگایان لە دۆخی بژێوی خەڵک و ئەو لێکترازانە کۆمەڵایەتیە گەورەیەی هەیە کە کۆمەڵگاکەمانی گرتوەتەوە و کاری گەیاندوەتە ئەوەی خەڵک خۆزگە بە سەدام بخوازێت و حەز بەوە بکات بەغدا کۆنترۆڵی داهات و سیادەی هەرێم بکات!؟

ئەوانەی کەرەنای شەڕی ناوخۆیی و دووبەرەکی لێدەدەن دەبێ بزانن ئێستا خەڵک هیچ داستانێکی رابردووی بەلاوە گرنگ نییە، جگە لەوەی حکومەتێک بێت سێ ئەرکی سەرەکی بۆ جێبەجێ بکات:

١. دابینکردنی بژێویەکانی ژیان وخۆشگوزەرانی.
٢.پاراستنی لە هەڕەشەی دەرەکی..
٣. دابینکردنی ئارامی و سەقامگیری ناوخۆیی..

داستانی راستەقینە و گەورە بەلای خەڵکەوە ئەوانەیە و لەگەڵ نەهێشتنی گەندەڵی... کێ شاندەداتە ژێر ئەو بارە ئەوە قارەمانە و کێش خۆی لێ دەدزێتەوە ئەوە بەر نەفرەتی مێژوو دەکەوێت...



**YADNAMEیادنامە**

بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنیە، مانگی جارێ بە کۆمەڵێ یاداشت و بیرەوەری و بابەتی جۆراوجۆری مێژویی و ئەدەبییەوە بە شێوەی ئەلکترۆنی لە ماڵپەڕە کوردیەکان بڵاو ئەکرێتەوە و سەرجەم کارەکانیش لەلایەن: "سەرکەوت محەمەد فەتاح (سەرکەوتی جیهاز) بەهاوکاری بەختیار شارەزووری لە هۆڵەندا سەرپەرشتی ئەکرێ.

Email :sarkawt_47@hotmail.com

Viber& WhatsApp: +31615852703